گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ناکۆکی نێوان بەعس و حیزبی شیوعی عێراق و رەنگدانەوەی لەسەر دۆزی کورد (8ی شوباتی 1963 – 18ی تشرینی دووەمی 1963)

**م. ی. ژیلوان لطیف یارأحمد**

بەشی ژمێریاری، کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

zhilwan.yarahmed@spu.edu.iq

**پ. د. سۆزان کەریم مستەفا**

بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

suzan.mustafa@unicvsul.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٣/١١/٢٨

پەسەندکردن:٢٠٢٤/٢/٦

بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*The Iraqi Communist Party, the Ba'ath Party, social nationalism, the right to self-determination, the Kurdish cause*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.19

**پوختە**

حیزبی شیوعی عێراق، وەك نوێنەری چەپ و مارکسیستەکانی عێراق، لەبەرانبەر حیزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی کە خۆی بە بریکاری بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی دەزانی، بە گوتارێکی چەپئاژوو و بانگەشەکاری بیری سۆسیالیستی، لە بەرانبەر (حشع)دا وەستایەوە، چوارچێوەی گوتاری دژ بەیەکەدا، هەردوو حیزب بوونە دیارترین ئەو رێکخراوە سیاسییانەی کە بۆ ماوەی نیو سەدە زۆرترین کاریگەرییان لە نێو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەبووە، ئەم توێژینەوەیە کار بۆ خستنەڕووی یەك لە گرنگترین ئەو گوتارە ئایدلۆژییە جیاوازە دەکات، کە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر ژیانی رێکخراوەیی و مانۆڕی سیاسیی هەردوو حیزب و رەنگدانەوەی راستەوخۆی لەسەر دۆزی کورد هەبووە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

(حیزبی شیوعی عێراق - حشع) لەسەر بنەمای تیۆرییەکەی مارکس - لینین و ژێدەرەکانی "مانیفێستی کۆمۆنیزم" پایەدار بووە، کە وەک ئایدۆلۆژیاییەکی نێو نەتەوەیی، بە ئامانجی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیزمی دادپەروەر، چەوسانەوە و قۆرغکاریی دونیای سەرمایەداری رەتدەکاتەوەو تێدەکۆشا بۆ هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەت و سازدانی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی نوێ بە رابەرایەتی چینی کرێکار.

حیزبی بەعسی، وەك میراتگری بزاڤی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی عەرەب، پێڕەوە تیۆریی و سیاسییەکەی لەسەر بنەمای فیکری "میشێل عەفلەق" داڕشتووە، کە دوور لە دیدێکی دیالێکتیکی، لەژێر کاریگەری سۆزی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و فشاری رووداوەکاندا داتاشرابوو، بەڵام لە نێو بونیادی کولتوورییەکەیدا چەند بنەمایەک بۆ گەشەپێدانی بیروڕا ناسیۆنالییەکەی سەرپێ کەوتبوو، لە نێویاندا سۆسیالیزم وەك پێکهاتەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر جێهێشت، پاشانیش پەرەگرتنی هەستی نەتەوەی عەرەب، کە بەعسیزم خۆی بە میراتگری ئەو کولتوورە دادەنا، لە دروشمەکەیدا (نەتەوەی عەرەبی یەکگرتوو – خاوەن پەیامێکی نەمرە) رەنگیدایەوە، لەم دیدگایەوە لەگەڵ بیری کۆمۆنیزمی (حشع)دا کەوتە ململانێ، لە نێو مانۆڕی سیاسی و تاکتیکیدا لە پاش کۆدەتای 8ی شوباتی 1963 گەیشتە ئاستێکی خوێناویی، کە راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد جێهێشت.

ئەم توێژینەوەیە، لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەیە کە بریتیە لە کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوەکە، ئامانج و پرسیاری توێژینەوەکە و نموونە و رێبازو میتۆدی توێژینەوە، هەروەها بەشی دووەم تایبەتەبە گوتاری سۆشیال ناسیۆنالیزمی بەعس و سۆسیالیزمی زانستی (حشع) و دەرخستنی ناکۆکییەکانیان، هەروەها سەرنج و رامانی تیۆریی هەردوو حیزب لەسەر دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، پاشان لە بەشی سێیەمدا ئاماژە بە کۆدەتای یەکەمی (سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس) و کاریگەری لەسەر پێگەی سیاسی (حشع) دەکات، بەشی چوارەم: باس لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعس دەکات، ئەویش لە دوو تەوەری سەرەکیدا، کە تیشك دەخاتە سەر ململانێ سیاسییەکانیان و کاریگەرییان لەسەر دۆزی کورد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە نەبوونی بەڵگەنامەی پێویست بەاتیبەت لەسەر حیزبی بەعس کە بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی ئەو حیزبە لەناوچوون و دەستخستنیان گەلەك زەحمەتە، هەمان کات بەشێکی سەرکردەکانی (حشع) لەو قۆناغەدا لە ژیاندا نەماوون تاکو راستاندنی ئەو ماوە مێژووییە بکەن، هەمان کات گرنگی  توێژینەوەیە لەوەدایە تیشك دەخاتە سەر یەك لە گرنگترین ماوە مێژووییەکانی عێراق، کە دوو حیزبی مەزنی پڕ رکابەر لە قۆناغێکی هەستیاردا لەژێر کاریگەری بنەما تیۆرییەکانیان و کاریگەرییان لەسەر دۆزی کورد دەخاتەڕوو، هەر بۆیە ئامانجی توێژینەوەکە لە دیاریکردنی ململانێ تیۆرییەکانیان کاریگەری ئەو تێڕوانیینانە لە پێڕەوی سیاسی هەردوو حیزب لەسەر دۆزی کورد دەستنیشان دەکات.
هەروەها میتۆدی توێژینەوەکە، مێژوویی وەسفیەو میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە بۆ هەڵسەنگادنی ململانێ تیۆریی و سیاسییەکانی هەردوو حیزب و نیشاندانی کاریگەرییان لەسەر دۆزی کورد،  پاشان پرسیارەکانی توێژینەوە ئەوەیە کە حیزبی بەعس و (حشع) و سەرنجە تیۆرییەکانیان چی بوو؟ ململانێ تیۆرییەکانیان کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە چ ئاستێکدا بووە؟ لە کۆتایشدا سنووری توێژینەوەکە لە رووی بابەتییەوە ململانێی سۆشیال ناسیۆنالیزمی بەعس و  کۆمۆنیزمی (حشع) و لە رووی مێژووییەوە ماوەی (8ی شوباتی 1963 – 18ی تشرینی دووەمی 1963) دەگرێتەوە.

## تەوەری دووەم: ململانێ ئایدلۆژییەکانی حیزبی بەعس و (حشع)

### یەکەم: سۆشیال ناسیۆنالیزمی (بەعس) و تیۆری سۆسیالیزمی زانستی (کۆمۆنیزم)

سۆسیالیزم لە رووی مێژووییەوە دەرهاویشتەی گۆڕانکارییە هەمەلایەنەکانی شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپایە، کە بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە بە چەندین رێگەی جیاواز هاتە کایەوە (بولیترز، 1/287)، لە نێویاندا (سۆسیالیزمی زانستی) وەك رێبازێکی فیکریی بە ئامانجی رەتکردنەوەی قۆرغکاریی لە دەست چینێکی دیاریکراو پەیدابوو، هاوشێوەی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی بۆ بونیادنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی لەسەر بنەمای گۆڕانکاری لە مافی خاوەندارێتی، کە بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پرۆلیتاریی شێوە دەگرێت. (ماندل، 1974: 7-35) لەمەوە سۆسیالیزم وەك بیرێکی زانستییانە هەر لە مارکسییزمدا بەدیدەکرێت، لە دەرەوەی ئەمە بە هەر بۆچونێکی دی بە لاکردوو، خەیاڵی، هەلپەرست، سۆشیال شۆڤێنیست ناودەبرا، (نەبەز، 2001: 5) لەم سۆنگەیەوە (حشع) وەک حیزبێکی

مارکسیی سۆسیالیزمی کردبوویە سەرەکیترین ئامانجە بنەڕەتییەکانی، هەربۆیە لە دامەزراندنییەوە دروشمەکانی "پرۆلیتاریا هیچی نییە لە دەستی بدات جگە لە زنجیرو پێوەندەکانی، کرێکارانی جیهان یەکبگرن" یان بەرزکردۆتەوە، (فاضل، 2003: 12)

هەرچەندە سۆسیالیزم سنورێکی نەتەوەیی نەبوو، بەڵام چەندین رێکخراوی جیاجیا لە نموونەی بەعس هەوڵیانداوە هاوسەنگی لە نێوان سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزمدا بکەن تا پێکهاتەیەکی فیکری نوێ بەرهەمبهێنن (سەعید، 2007: 20/137)، بەعسیزم لە ژێر کاریگەری ناسیۆنالیزم، بە رەچاوکردنی تێزە بنەڕەتییەکانی نازیزم، وەک هێزێکی (سۆسیالیستی کرێکاریی و نەتەوەیی) خۆی ناساند (تەرابیشی، 2010: 44)، پاشان بەهۆی سەرسامبوونیان بە ئایدۆلۆژیای نەژادپەرستی ئەڵمانی، چەمکەکانی (ناسیۆنالیزم، دژایەتی کۆمۆنیزم، میلیتاریزم و شۆڤێنیزم) سەرنجی راکێشان، لەسەر ئەم بنەمایە بەشێک لە ئایدۆلۆژیای سۆسیال– ناسیۆنالیزمیان بەتێکەڵکردن لەگەڵ رۆحی نەتەوەی عەرەبدا ئاوێتەکرد، هەروەها نیشاندانی بایەخی عێراق بۆ عەرەب، هاوشێوەی گرنگی پروسیا بۆ ئەڵمانییەکان و ناوبردنی بە (پروسیای عەرەب)، یاخود بانگەشەی نازییەکان بەوەی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە ئەڵمانی زمانن، بۆیە ئەم خواستە ئێتنیکی و زمانییە لە بنچینەکانی دروشمی بەعسدا رەنگیدابۆیەوە، لەسەر ئەو بنەما ناسیۆنالییەی کە خواستی نەژاد و زمانی عەرەبی بۆ ئەم بانگەشەیە ئامادەیی هەیە، (جحا، 2004: 249)، دواتر بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی (نەتەوەی عەرەب و هەڵوێستی بەرانبەر شیوعییەت)، سۆسیالیزمی وەک تەرزێک پەسەندکرد (أکرم الحورانی یحاور نفسه، 1987: 13)، ئەویش بە ئامانجی بەستنەوەی خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی، تا رێگری لە پارچە بوون بکات، هاوکات بیسەلمێنن کە لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازەکانی جیهاندا پەرۆش و پشتیوانە. (سەرکانی، 2008: 9)

بەعسیزم ئەو شێوە سۆسیالیزمەی قبوڵ بوو، کە تایبەتمەندێتی نەتەوەی عەرەب لەبەرچاو بگرێت، هەر بۆیە سۆسیالسیزمی زانستییان رەتکردەوە، کە لەسەر بنەمای هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەت وەستابوو، چونکە بەعس موڵکایەتیی و میراتیان وەك دوو مافی سروشتی دادەنا، بەو پێیەی مافی خاوەندارێتی لە توێی سنوورەکانی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا زامن دەبێت، (مستەفا، 2007: 105)، لەم نێوەندەدا پێویست بوو جیاکاری بکرێت لە نێوان بۆرژواو و پرۆلیتاریا، چەوساوەو

چەوسێنەر، کرێکار و خاوەنکار، بەو پێیەی مەرج نییە، هەموو خاوەنکارێک قۆرغکار و چەوسێنەر بێت و ئازادیی وەبەرهێنان کۆتبکات، لەوانەیە داهێنانی نەتەوەیی بە دوای خۆیدا بهێنێت، (السقاف، 2021: 3)، تیایدا عەرەب لە سایەیدا بەرهەمە ماددی، ئەخلاقی و مەعنەوییەکان پەرەپێدەدات، ( دستور الحزب البعث العربی الاشتراکی، ب.س: 3)، ئەمە جیاوازییەکی هەستپێکراو بوو لەگەڵ سۆسیالیزمی رۆژئاوا، پێویست بوو ملکەچی یەکێتی عەرەبیی بێت و ببێتە پاڵنەرێکی ئەرێنی. (وثائق حزبیة من تأریخ البعث، 1996: 1-9).

سۆسیالیزمی عەرەبی پەیرەوی جوڵانەوەیەکی ئاشتیخوازیی ناکات، چونکە بنەماکانی پەرەسەندنی ئابووریی و قۆناغەکانی گەشەسەندنی مێژوویی نییە، (مقصود، 1985: 23) بەم پێیە سۆسیالیزم لە قوڵایی ناسیۆنالیزمی عەرەب هەڵدەتۆقێ، چونکە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە جەوهەردا ناسیۆنالیزمێکی سۆسیالیستییە، ئەمە پێمان دەڵێت، سۆسیالیزمی بەعس پابەندی هیچ یاساو میتۆدێکی مێژوویی و فەلسەفی نەبوو، بەڵکو ئاماژەیەک بوو بۆ دژایەتیکردنی سۆسیالیزمی زانستی، کە بە بەشێک لە بوژاندنەوەی شارستانی عەرەبی دەبینی (جاسم، 1987: 8-14)، بەم شێوەیە، راڤەی بەعس بۆ ناسیۆنال - سۆسیالیزم واینیشاندا تێکەڵبوونی سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم بەو واتایە نییە، کە بەهای هەردووکیان هاوسەنگە. (عەبدوڵڵا، 2022: 69)

بەعس تا ئەندازەیەك سۆسیالیستی بوو، کە نەگۆڕێت بۆ کۆمۆنیزم، چونکە وەك ژەهرێك بۆ نەتەوەی عەرەبی دەدی، بەو پێیەی سۆسیالیزم کۆکەرەوەی لایەنی ماددی نییە کە مارکس باسی لێوەکردووە، بەڵکو کایەیەکی روحییە کە لە هەستی ناسیۆنالیزمدا سەردەردێنێ، وای دەبینی کۆمۆنیزم کە هەڵگری خەباتی چینایەتییە، کە رۆڵەکانی بەسەر چینەکاندا دابەش دەکات، بەڵام سۆسیالیزمی نەتەوەیی، چین دەکاتە گربوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیی، (نظریة البعث و الواقع القومی الامة، 1980: 64) بۆیە عەفلەق گوتویەتی: "هەر نەتەوەیەک پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرچیەک بێت هەرگیز رق و کینەی ناگەتە رقی عەرەبێک بەرانبەر کۆمۆنیزم"،(عفلق، 1973: 22)، وێڕای ئەوە گوتویەتی: "ئێمە دژی مارکسییزم نین، بەڵام هیچ خاڵێکی هاوبەشمان لەگەڵ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریی نییە، چونکە نەتەوەی عەرەب تایبەتمەندیی هەیە، بۆیە هەر نەتەوەیەکی تر مارکسییزم قبوڵبکات گلەییان لێ ناکرێت چونکە میراتی فیکرییان نییە"، (عثمان، 1981: 81) هەر بۆیە بەعسیزم بۆ جیاکردنەوەی تێگەیشتنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سۆسیالیزمییەکەی، چەمکەکانی (تێکۆشان و چینی کرێکار)ی گۆڕی بۆ (بەرخۆدان و رەنجدەر)، هەروەها ئەو پرسەی هێنایە بەر باس کە تایبەتمەندی چینی کرێکار چییە؟ کە مارکسیزم رۆڵی سەرەکی پێ دەسپێرێت (الأتاسی، 1999: 16-22)، هەرچەندە کرێکار رۆڵێکی گرنگی هەیە، بەڵام ئەم رۆڵە رەنگدانەوەی دۆخێکی مەتریالی نییە، ئەمەش بەو مانایە نییە لە ئایندەدا شۆڕش مۆنۆپۆل بکات، (عەلی، 1997: 173)، بەڵام پایەی کۆمەڵایەتیی لەسەر ئارەزووەکانی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوای بیرۆکراتی مشەخۆر بوو، (رەش، 1994: 38) بەڵام بەعسیزم نەك خۆی بە ئەڵتەرناتڤی ئایدۆلۆژیای مارکس لینین دادەنا. بە زوویی لە میانەی دوژمنایەتی کۆمۆنیزمدا لە ئەنجامی موتوربەکردنی بە بیری نازیزم و فاشیزمی گۆڕدرا (مینە، 2012: 62)

## دووەم: مافی چارەنووسی پێکهاتە نەتەوەییەکان لە ململانێکانی هەردوو حیزبدا

مافی چارەی خۆنووسین دیارترین ئەو پرسە سیاسی و نەتەوەییانەی لە پێش سەرهەڵدانی بیروبۆچوونی سۆسیالیستی زانستی، رووبەڕووی بنەما سەرەکییەکانی دەرەبەگایەتی بووتەوە (قادر، 2018: 39-40)، لە دیدی مارکسیدا مەسەلەی نەتەوەی لە روانگەی دیالێکتیکی ماتریالیزمی مێژووییەوە مانایەکی کۆمەڵایەتی و رەهەندێکی چینایەتی هەبوو، واتە پرۆلیتاریا کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی یەك رەنگی بێ چین دروست بکات، (عبدالله، 1969: 30-39) دواتر کۆمۆنیزمی قۆناغی ستالینی بە روانین لە یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت، پێی وابوو، کۆمەڵە خەڵکێکی جێگیرن بە درێژایی مێژوو، زمان، زەوی، ژێرخانی ئابووری و کولتووریان یەکە،(کالتاخشتان، 1988، 301-309) بەڵام لە تیۆری مارکسیزمدا بنەمای ئابووری رۆڵی بنچینەی هەیە لە دروستبوونی نەتەوەدا، بەڵام ئابووری هاوبەش نەبوو ناشێت پێی بوترێت نەتەوە، (زاوی و میاد، ٢٠٢٠: ٧-٩) بەم پێیە دەوڵەت دەبێتە مەرجی سەرەکی لە پێکهاتنی نەتەوەدا، هەر بۆیە هێزە چەپ و مارکسییەکان، لە سۆنگەی ئەرکی ئینتەرناسیۆنالییان پشتگیری مافی رزگاری گەلان دەکەن، کاتێکیش لینین لە وتاری (مانای سەربەستی نەتەوەیی لە دیاریکردنی چارەنووس) جەختی لە ئازادی مافی چارەی خۆنووسینی سەرجەم گەلان کردووە، هێزە چەپەکان هاوسۆزیان بۆ جوڵانەوەی رزگاریخوازییەکان دەبڕوە، (أبو فاشە، ٢٠١٩: ١٠٠) لەم رووەوە (حشع) لە سەرەتاوە مافی چارەی خۆنووسینی لە چوارچێوەی کارنامە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیۆرییەکەیدا باس کردووە، بەو پێیەی (حشع) ئەندامی (کۆمێنترن) بوو، کە ساڵی 1924 لە کۆنگرەی پێنجەمیدا مەسەلەی مافی چارەنووسی پەسەندکرد، بەو هۆیەوە لە تەمموزو ئابی 1935 رۆژنامەی (کفاح الشعب) بەرنامەی حیزبەکەی لە بڕگەی (6)دا مافی چارەی خۆنووسینی بۆ گەلی کورد بڵاوکردەوە، (کرمانج، ٢٠١٥: ١١٣) جەختیکردووە رەوایەتیدان بە تێکۆشانی نەتەوەی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا، (الحافض، ١٩٧٠: ٤٥) لەگەڵ ئەوەشدا گرەنتی چارەسەری پرسە نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی ئینتەرناسیۆنالیزم و بەدیهێنانی سۆسیالیزمدا دەبینی، بەڵام رزگاربوون لە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم وەك پێشمەرجی ئەم هەنگاوە داناوە، لەم رووەوە (سەربەخۆیی نەتەوەیی) گۆڕیوە بە برایەتی پرۆلیتاریی و یەکێتی نیشتمانی، (القضیه الاساسیة فی الثورة، ١٩٧٣: ١٠١) هەروەها لە کۆنفرانسی یەکەم لە شوباتی ١٩٤٥دا، (حشع) پێداچوونەوەی بە هەڵوێستیان لەبەرانبەر دۆزی کورددا کردووە، لەم بارەیەوە یاداشتێکی فەهد لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ دووپاتی کردووەتەوە (هەوڵدانی حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی بە زەبرو زەنگ رێگەنەدات داوای مافەکانی خۆی بکات، ئەمە دەیانگەیەنێت بەوەی هەوڵی ئەوە نەدەن ئاستەکانی رۆشنبیری، ئابووریی، تەندروستی و کۆمەڵایەتییان بەرنە سەرێ)، (مەسەلەی کورد، ١٩٨١: 6) هەر بۆیە (حشع) لە بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (1)ی پێڕەوی حیزبەکەدا، مافی چارەنووسی نەتەوەیی و ئەزموونکردنی ئازادی وەك باوەڕێکی نەگۆڕ داناوە، جیا لەوە رۆژنامەی (القاعده) راگەیاند: (مافی دیاریکردنی چارەنووس، یەکێکە لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان، (حشع)یش داکۆکی لەم ئەرکە کۆمۆنیستییە دەکات). (الخزاعی ، 2022، ٨٨)

پێچەوانەی بۆچوونەکانی (حشع)، حیزبی بەعس گرنگییەکی ئەوتۆی بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکان نەداوە، چونکە لە باوەڕی دەمارگیرییەوە، تەواوی پێکهاتە نەتەوەییەکانی بەو کەمینانە ناوبردووە، کە بەشێکی بچووك و دانەبڕاوی نیشتمانی عەرەبن، دووپاتی دەکردەوە چەمکەکانی (کەمینەی نەتەوەیی) لە پاڵ بیری عروبەدا تەنها تایبەتمەندییەکی نەژادپەرستی نییە، بەڵکو چەمکێکە هەڵگری تایبەتمەندی (نەتەوەیی، مرۆیی و شارستانی)یە، بۆیە کورد دەتوانێت هاوشێوەی ئەندامێکی تری حیزب لە باشووری سۆدان بەشداربێت لە خزمەتکردن بە پێشکەوتنی پرۆژە مەدەنییەکەی عەرەب لە چوارچێوەی بەدیهێنانی یەکێتی، ئازادی و سۆسیالیزم،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(الموصلی،2002: 3-4) هەر بۆیە لە بڕگەی یەکەم ماددەی (3)ی دەستووری حیزبەکەدا، وەك پاشکۆیەك لە پای خزمەتکردن بە شوناسی عەرەب نرخاندنی کاریگەرییان، بەڵام لە ماددەی (11)دا هاتووە: (هەر نەتەوەیەك خواستی نەتەوەیی خۆی بخاتە پێش هەنگاوەکانی بەدیهێنانی یەکێتی عەرەب، ئەوا پێکهاتەیەکی دەمارگیرو ڕەگەزپەرستە، حیزب بە ئەرکی خۆی دەزانێ دژ بەم پێکهاتەیە لەسەنگەردا بێت)، هەروەها حیزبی بەعس لە ساڵی 1945 نامیلکەیەکی بەناوی (اهداف و غایات) بڵاوکردەوە، تێیدا هاتبوو: (کەمە نەتەوە ناعەرەبەکان کە ناتوانرێت لە کۆمەڵی عەرەبدا بتوێنرێتەوە، دەخرێنە ژێر یاسای تایبەتییەوە). (الدلیمی، ١٩٧٨: ٢٢-٢٤)

حیزبی بەعس پێچەوانەی (حشع)، بانگەشەی یەکسانی نێوان نەتەوەکانی لە چوارچێوەی بەدەنگەوە هاتنێکی دڵسۆزانە بۆ نەتەوەی عەرەب دەدی، لە ماددەی (20)ی دەستوورەکەیدا هاتووە: (بەخشینی مافی تەواوەتی هاوڵاتیان بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە خاکی عەرەبدا بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هەڵسوکەوت دەکەن)، عەفلەقیش بۆ شاردنەوەی کەم و کوڕییە تیۆرییەکانی، هەوڵیداوە دۆزی کورد لە ڕەهەندە سیاسی و پاشخانە مێژوویی و نەتەوەییەکەی داببڕێت، تاکو لەو ڕێگەیەوە ناوەڕۆکی پرسەکە ببەستێتەوە بە پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و برایەتی نێوان گەلان، (طوالبة، ١٩٨١: ٥٦-٥٩) بۆ زیاتر دوور خستنەوەی دۆزی کورد لە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی، نیشانی دەدا، کە تێکدانی ژێرخانی ئابووری لەلایەن هێزە داگیرکارەکانەوە لێکەوتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە، هەر بۆیە فایز ئیسماعیل گوتویەتی: (لە بەرژەوەندی عەرەب نییە کورد بخاتە ژێر رکێفی خۆی، بەڵکو لە بەرژەوەندی کوردە لەتەك عەرەب بێت لە دژی بێگانە، چونکە بەیەکەوە بەستنەکانی عەرەب و کورد بەهێزترە لە بەیەکەوە بەستنەکانی کورد لەگەڵ دراوسێکانی وەك تورکیا، ئێران و سۆڤیەت). (حز البعث العربی الاشتراکی، 1980: 62)

لەگەڵ ئەوەدا بەعس لە پەسەندکراوی (حەوتەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی) جەختیکردووەتەوە لەوەی گەلی کوردی عێراق بە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکەیەوە ماف گەلێکیان پێدەدرێت کە هیچ کام لە وڵاتانی هاوسنوور پێیان نەداون، پێیوابوو چارەسەری پرسی کورد ئەوەیە بچێتە ناو پرۆژەی نیشتمانییەوە، کە جەخت لەسەر یەکڕیزی بکاتەوە لەسەر بناغەی هاووڵاتیبوون، بەم پێیە حیزبی بەعس چارەنووسی پرسی نەتەوەیی کوردی بە بەرژەوەندییە باڵاکانی عەرەب گرێداوەو پێیوابووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە وەك میوان رێز لە تایبەتمەندییان بگیرێت. (الخوری، ١٩٩٨: ٤٠) لەم بارەدا حیزبی بەعس لە (یانزەیەمین کۆنگرەی هەرێمی)دا گوتویەتی: (ئەو نەتەوانەی لە رووی دانیشتوانەوە سەنگی رێژەیی جیاوازیان هەیە، پێویستە تایبەتمەندێتیان لەبەر چاوان بگیرێت، چونکە لە نیشتمانی عەرەبیدا دەژین، بەم پێیە پێناسی عروبەیی لە رێگەی داگیرکاری و ستەمی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو بەرئەنجامی راستییەکی مێژوو کردە کە سەری لە هەزاران ساڵ دەردەچێت)، (عەبدولرحمن، 2000: ل94) ئەم بۆچوونە بەعسیزمییە نۆڕینێکی نازانستی و شۆڤێنییە چونکە سەرباری جیاوازییە نەژادییەکان، پێکەوە ژیانی کورد لەگەڵ عەرەب نەك بە واتایەی یەکبوون نایەت بەڵکو دەبێت نەتەوەکانی تر لە نموونەی فارس، ئازەر، بەلووچ و تورك هەر عەرەب بن یان دەبێت عەرەبیش هەر فارس بن چونکە لە چەند قۆناغێکی مێژوویدا بەشێك بوون لە نیشتمانی هاخامنیشی، ساسانی، یان دەبێت تورك بن چونکە بەشێك بوون لە عوسمانییەکان. (خصباك، 2005: 88)

لەو روانگەیەی بەعس تەنها عەرەبی وەك نەتەوە پێناسە کردبوو، کە کۆمەڵە مرۆڤێکن لەسەر بەهای گیانی و مرۆیی ماونەتەوە، بەڵام کوردی دادەبڕی لە بەهاو خەسڵەتەکانی نەتەوەو وەک شعوبیەك ناویبردووە، (اسکندر، ٢٠٠٤: ٨٧) لەگەڵ ئەوانەشدا لە نێو کۆمنیستەکاندا بیروڕای عروبە و نەتەوەیی، لەپاڵ خواستە سۆسیالیستییەکایدا ئامادەیی هەبووەو لە چەند قۆناغێکدا هەڵوێستیان هاوشێوەی بیروباوەڕە نەتەوەییە شۆڤێنییەکانی عەرەب بووە، هەوڵیان بۆ پیرۆزکردن و زاڵکردنی بۆرژوای عەرەب و چوونەتە سەر هەمان رێباز کە دژایەتی بۆ سیاسەتی ئیمپریالیزم و بۆرژوای بیرۆکراتی عەفلەقی و پێکەولکێندراو (زۆرە ملێ) و رەتکردنەوەی یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی ئازاد نەشاردووتەوە، (تاڵەبانی، 2021: 86-87)

### تەوەری سێیەم: کۆدەتای یەکەمی بەعس و کاریگەریی لەسەر (حشع)

لە شوباتی 1963، سیماکانی بنکۆڵبوون و داڕمانی چارەنووسی پرۆژە سیاسی و نیشتمانییەکەی قاسم، بەهۆی کەنارگیربوونی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی گومانێکی ئەوتۆی لەسەر نەبوو، چونکە نەبوونی پشتیوانییەکی راستەقیەنە، لەگەڵ بارگرانی ئابووریی و سەربازیی بەهۆی شەڕی سوپا لە کوردستان، بوونە مایەی ناڕەزایی گەلانی عێراق، لەم نێوەندەدا ئەفسەرە نەتەوەییەکان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهۆی دژایەتی قاسم بۆ یەکگرتن لەگەڵ (کۆماری یەکگرتووی عەرەبی) و سەرەرۆییەکانی لە مەسەلەی کوەیتدا، سەرگەرمی لەناوبردنی بوون، (الأعسر، 1992، 133)

لەو نێوەندەدا، پێشبینی لە بەعسی و ناسرییەکان دەکرا، بە سوود وەرگرتن لە ناکۆکییەکانی قاسم لە گەڵ عەبدولسەلام عارف، جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست، (الناصری، 2012، 55-58) بەتایبەت کە سەرکردایەتی بەعس لە (چوارەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی) لە ئادار و نیسانی 1962، (کۆدەتای شۆڕشگێڕیی) وەك ڕێبازێکی ستراتیژی دیاریکرد بوو، (الخالند، 1998: 17-23) بەم پێیە دروشمەکانی بەعس بۆ ڕووخاندنی رژێمی قاسم ئاشکراو روونتر بوو، (السامرائی، 2006: 231) بەم پێیە ترسی بازنە نەریتییەکەی رۆژئاوا لە گوتاری ناسیۆنالییانەی ناسرییەکان، لەگەڵ کارایی بەعس بۆ خزمەتکردن بە پرۆژەکانی ئیمپریالیزم تاکو ئەو ڕادەیە پشتیوانی کرا، لە کاتێکدا رۆژئاوا حیزبی بەعسیان بە بزاڤێکی فاشیزمی دژە کۆمۆنیزم دەزانی، کە لە قۆناغی رکابەری ئەنگلۆ- ئەمریکایدا، تەقەلای کۆدەتای سەربازی لە سووریا تاقیکردبووەوە، بەم پێیە رقئەستووریان بەرانبەر کۆمۆنیزم دەیخستنە سەر ڕێبازی دەسەڵاتخوازیی، کاتێکیش ئەمریکا دژ بە ڕەوتی کۆمۆنیزم لە ڕێگەی ناسرییەکان دنەی خەونی ناسیۆنالی عەرەبیدا، (محمود، 1991: 338)

هەرچەندە (حشع) لە میانەی پشتیوانیکردن لە عەبدولکەریم قاسم زێدەڕەوییەکی بەرچاوی کرد، پێی وابوو قاسم لە سیاسەتی دەرەوەیدا ڕێبازێکی دژە ئیمپریالیزمی وەرگرتووە، تەنانەت لقی بەغدادی (حشع)، لە رێنماییەکدا لە 3ی کانوونی دووەمی 1963 پێویستی بەرگری دڵسۆزانەی دووپات کردووەتەوە، (السامرائی، 2015، 231) سەرئەنجام لە رۆژی هەینی 8ی شوباتی 1963 حیزبی بەعس کۆدەتایەکی ئەنجامدا، (علی خیون، 1990، 122-124) (حشع) لە یەکەمین هەڵوێستیدا کۆدەتاکەی بە (رۆژی رەش)و پلانێکی کۆنەپەرستانەی بەکرێگیراوەکان لە قەڵەمدا، (حسین، 2023) پاشان لە بەیاننامەیەکدا بە ناونیشانەکانی (بۆ چەك لە پێناو سەرنگومکردنی پلانگێڕیی ئیمپریالیزمی کۆنەپەرستانە) کۆدەتاکەی بە هەوڵێك بۆ گێڕانەوەی ئیمپریالیزم ناساند، (السعدون،2011: 80-81)

هەرچەندە قاسم داوای کۆمۆنیستەکانی بە بیانووی ڕێگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ ڕەدکردەوە، لە کاتێکدا بەڵام (حشع) زیاتر لە قاسم وەفایان نواندو لە (8 بۆ10)ی شوباتی 1963 چەند جوڵەیەکی بێ ئاکامیان ئەنجامدا، (القیسي، 2014: 89) بەم پێیە کۆدەتای چەکداری وەك پێناوێك بۆ

یەکلاکردنەوەی دەسەڵات لە کارێکی هاوبەشی فرەلایەندا لەژێر بەیداغی تواندنەوەی بیروڕا نیشتمانییەکەی قاسم بۆ خستنەسەر ڕێڕەوی نەتەوەیی عەرەب ئەنجامدرا.

لە بەیاننامەی ژمارە (1)ی (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش)دا جەختی کردووە، لە پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکراتی نیشتمانیی لە پێناو چەسپاندنی یەکێتی گەل لەسەر بنەمای برایەتی عەرەب و کورد، (حمیدی و أخرون، 2022، 9) پاشان (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) بەیاننامەکانی ژمارە (2)ی دژ بە ئەفسەرە کۆمۆنیستەکانی دەوری قاسم و ژمارە (3)ی بۆ دامەزراندنی (حرس القومی – پاسەوانی نەتەوەیی)، بە پاساوی پاراستنی شۆڕش پێکهێنا، (صاغیة، 2003: 28-30) لێرەوە عەلی سالّح ئەلسەعدی بەرپرسی (پاسەوانانی نەتەوەیی) داوای کرد بێ سڵەمینەوە کۆمۆنیستەکان سەرببڕن، پێشی وابوو هیچ کەسێك بەعسی ڕەسەن نییە ئەگەر کۆمۆنیستێکی نەکوشتبێت. (الفیلی، 2021)

(ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) بەیاننامەی ژمارە (13) بۆ قڕکردنی ئەندامانی (حشع) دەرکرد، (سلوغلت، 2003: 147) لەمبارەیەوە (موحسین شێخ ڕازی) گوتویەتی: (بەیانی 9ی شوباتی 1963، لە ژورە تایبەتەکەی عارف بەیاننامەیەك دەرکرا، دژ بەو بەیاننامەیەی بانگەوازی هەڵگرتنی چەکی کردبوو، هەرچەندە زانیاری باوەڕپێکراومان نەبوو کێ ئەو بڵاوکراوەیەی نوسیوە، ئەمە بووە لاپەڕەیەکی ڕەش لە مێژووی بەعس)، (راضی، 2021: 151-153)

بەم شێوەیە، دیارترین سیمای کۆدەتاکە، تەنگ پێهەڵچنین و لەدەستدانی توانا سیاسی (حشع) بوو، چونکە بە ئەنجامدانی پەرچەکردار، هەڵەیەکی تاکتیکی ئەنجامدا، لە کاتێکدا دەیتوانی ستراتیژێك بۆ رزگارکردنی ئەندامانی پەیڕەو بکات، (قادر، 2012: 410-411) بەڵام بەعس لەو باوەڕەدابوو (حشع) وەك هێزێکی ناپاك و بێ بەڵێن هۆکاری تێکدانی بەرەی نیشتمانی بوون، عەفلەق، لە 11ی شوباتی 1963 لە بروسکەیەکدا ، ستایشی هەوڵەکانی سەرکردایەتی بەعسی کرد، بەوەی دژ بە کۆمۆنیستەکان ئەنجامیانداوە، واینیشاندا کە شۆڕش لە پێناو کارلێکی هێزە رزگاریبەخشەکانی شۆڕشی سۆسیالیستییە، (نضال البعث، 1976، 12-15) زیاتر لەوە، پێیوابوو دەبێت کۆمۆنیستەکان ستایشی بەعسییەکان بکەن، کە بەر لە دوو ساڵ هەنگاوێکی وایان نەناوە. (أورحم، 1999: 234-235).

سەربارى ئەوە، بە پێی بەڵگەنامەكانی وەزارەتی ناوخۆ، پتر لە هەزار كوژراوو (6 بۆ7) هەزار بەندكراو هەبوون، (الحرس القومى، 1964، ص22 و ما بعدها) تەنانەت ساڵح مەهدی عەماش شانازی بەوەوە دەكات، كە (4) هەزار كادێری (حشع)یان بێ دادگای دەستگیر كردووە، لە نێویاندا سەلام عادل و ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی هەبوون، كە لە 7 ئاداری 1963 دەستگیركران و بێ دادگایی كوژران. (صعود، 1978: 112)

گوتاری سیاسی و لۆجیستی بەعس لە 8ی ئادری 1963 بەهۆی جڵەوكردنی فەرمانڕەوایی سووریا لە ڕێگەی كۆدەتایەكی سەربازییەوە، هەڵكشا، بەم هۆیە بەرەیەكی فراوانی دژە كۆمۆنیستی پەڕەیگرت، (حشع) لە باری ڕێكخراوەیدا لەگەڵ هێزە هاوسۆزەكاندا تەريك و تەنیا كەوت، (الساعدى، 2007: 25) لەگەڵ داكشانی هێزو توانای جەماوەریدا، لە درەنگ كاتێكدا لیژنەی ناوخۆیی (حشع)ی لە بەسرا بۆ ئەنجامدانی كۆدەتایەك بەئاگا هێنایەوە، بەڵام حیزبی بەعس ڕاگەیەندراوێكدا بە دەستنووسی حازم جەواد ئەوەی خستبووەڕوو، كە پیلانێكی كۆمۆنیستی لەلایەن نۆكەرانی دژ بە شۆڕش شكستیهێنا، (جواد، 2004: ص6) هاوكات (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەركردایەتی شۆڕش) لە 3ی ئاداری 1963 لەسەر پرسی زیندانیانی (حشع) كۆبووەیەوە، سەرجەم گیراوانی كۆمۆنیستی بە شەمەندەفەر گواسترانەوە بۆ زیندانی (نوگرە سەلمان)، سەرئەنجام بووە هۆی كوژرانی 150 كەس، ئەم ڕووداوە بە (شەمەندەفەری مەرگ) یان (هۆلۆكۆستی بەعس) ناسرا. (گطع، 2015: 17)

حازم جەواد نوێنەری باڵی مەدەنی حیزبی بەعس، لە 11ی شوباتی1963 ڕاگەیەندراوێكی بە ناونیشانی (پاسەوانی نیشتمانی سوپایەكی ئایدیۆلۆژییە، كە داوای بەرژەوەندی جەماوەر دەكات) بڵاوكردەوە، تیایدا داوای بنەبڕكردنی ڕێبازی خیانەتكارانەی كۆمۆنیستەكانی كرد، (جواد، 1963: 1) پاشان لە ئابی 1963 وتارێكی بەناونیشانی (مەرگی سوور ناگەڕێتەوە) بڵاوكردەوە، تیایدا هاتبوو: (گەلی تێكۆشەرمان ئەوەی بیر ناچێتەوە كە كۆمۆنیستەكان لە ڕێگەی هەڵوێستە خیانەتكارانەیان دژ بە نەتەوەی عەرەب، لە كۆمەڵكوژییەكانی كەركووك و موسڵدا چیان كرد). (الخزاعى، 2021، 222)

حیزبی بەعس، كە لە باری ئایدۆلۆژیدا خۆی بە نوێنەری بزاڤی ناسیۆنالیستی توندڕەوی عەرەب دەزانی، كاتێكیش دەرفەتی ڕووخاندنی قاسم هاتە پێش، ئەو هەلەیان قۆستەوە، بە هاوكاری شەمەندەفەری ئەنگلۆ - ئەمریكایی هاتنە سەر دەسەڵات، (حسن سعید، ١٩٩٢، 268-269) بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەلماندنی تواناى خۆیان، گیانی رق و تۆڵە سەندنەوەیان بزوا و لە پرۆسەیەکی خوێناویدا، پاکتاوی کادێرو ئەندامانی کۆمۆنیست ئەنجامدرا، بەو هیوایەی گەراکانی کۆمۆنیزم لە عێراقدا لە بێخ بێنن، بەڵام سەرقاڵبوونی بە شەڕی بەرژەوەندی و پاکتاوی (حشع)، بێ ئاگابوو لە جوڵەی دژکردەوەی لایەنە نەتەوەییەکانی عەرەب، هەر بۆیە باڵباڵێن و دەستەگەری و ویستی دەسەڵاتخوازییان بۆ ئاستێك هەڵکشا، هەر بۆیە دەبوو ململانێکان لەدەرەوەی گرووپسازییەکانی ناو حیزبەکە چارە بکرێت، سەرباری ئەوە، هەڵەی سیاسی و سەربازی، نە پێوانی دۆخی ناوخۆیی عێراق، نەبوونی ناوەند گەراییەکی بەهێز، بێ ئەزموونی و هەڵچنینی ئومێد بە پاسەوانی نیشتمانی، بارێکی ترسناکیان نیشاندا، ئەو کەمو کوڕییەی کە لە بیرورِا یۆتۆپییەکەیدا هەبوو، وایکرد کاتێك دەسەڵاتیان گرتە دەست، کارنامەیەکی چەسپاویان بۆ بەڕێوەبردن لەبەردەست نەبوو، لێرەشەوە بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە یەکێتی، ئازادی و سۆسیالیزم بووە نموونەیەکی ناپەسەند (سعید، 1999، 129-130). لێرەوە بە کردەوە دەرکەوت حیزبی بەعس شیاوێتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیان نییە، تاکو ئەو کاتەی ئەفسەرانی سوپا کە پێشتر هاوبەش و هاوڕێگەی کۆدەتای بەعسییەکان بوون، خۆیان جوداکردەوەو حیزبی بەعسیان لە قۆناغی یەکەمی حوکمڕانیدا دووچاری لێخران خست.

## تەوەری چوارەم: ناکۆکیی هەردوو حیزب و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعسدا

### یەکەم: ناکۆکییەکانی حکومەتی بەعس و نەتەوەییەکان لەگەڵ (حشع) و کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد

دوای کۆدەتای 8ی شوباتی 1963، هەڵوێستی (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) لە بارەی دۆزی کورد، گوزارشتی لە تێڕوانینی بەعس لە هەمبەر پێکهاتە نەتەوەییەکانی گەلانی ناعەرەب دەکرد، (علی، 1980: 245-249) هەوڵیاندا تێکهەڵچوونە چەکدارییەکەی لەگەڵ رژێمی پێشوو بقۆزنەوە، بەم پێیە بە مەبەستی جێگیرکردنی دەسەڵات و دەستخاڵیبوون بۆ قڕکردنی کۆمۆنیستەکان، (ابو ناظم،2007: 97-98) پاشان نیشاندانی سیاسەتی شکستخواردووی قاسم، هیوایەکی نوێیان بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چارەسەرکردنی پرسی کورد نیشاندا، لەکاتێکدا شەڕ لە کوردستان پێی نابووە ساڵێك و (5) مانگ، بێ ئەوەی ئاسۆی چارەسەر بەدی بکرێت.

بەر مەبنای پەیوەندییەکی نهێنی و پێشوەختە، لێکتێگەیشتنی نێوان سەرکردایەتی بەعس و (پدك) هاتبووە ئاراوە، لە ژێر باری گومان و ڕاڕایدا، سەرکردایەتی بەعس دڵنیاییان لە پشتیوانیانی بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا لە بەیاننامەی ژمارە (1)ی (ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش)دا نیشاندا، (سنجاری، 1997: 25-26.) لە پێشوازی کۆدەتاکە، مستەفا بارزانی لە ئێوارەی 8ی شوباتی 1963 بڕیاری ئاگربەستیدا، (قفطان، 2002: 219-220) دواتر هەریەکە لە ساڵح یوسفی و فوئاد عارف لە رادیۆی بەغدادەوە بروسکەی پیرۆزباییان نارد، (الزبيدي، 2013: 569) بەڵام جەلال تاڵەبانی پێی وابوو، ئەو بروسکەیە لە ژێر کارگەری جۆش و خرۆشی ڕێکەوتنەدا کرابوو، دەبوو لە نێوان (پدك) و (حشع)دا هاوکاری تەواو هەبووایە، تاکو بتوانن دەست بەسەر زۆربەی کوردستاندا بگرن، (ڕەشید، 2017: 218) لەگەڵ ئەوەشدا، پەیامی ئاگربەستەکە بۆ پاراستنی ئەندامانی (پدك) لە شاری بەغداد لە زەبرو زەنگی بەعسییەکان بایەخێکی زۆری هەبوو. (عقراوي، 2007: 109-110)

لەپێناو بەرەوپێشوچوونی پەیوەندییەکان، مەکتەبی سیاسی (پدك) لە 10ی شوباتی 1963 لە ڕێگەی بروسکەیەکی پیرۆزبایی، چەند داواکارییەکی وەك: (ئازادکردنی زیندانیان، قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتووان، ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا) پێشکەش کرد، (ئاغجەلەری، 2015: 79) لە وەڵامدا عەلی ساڵح ئەلسەعدی لە 11ی شوباتی 1968 ڕایگەیاند، کە حیزبی بەعس بڕوای بە مافەکانی کورد هەیە و لەگەڵ سەرکردایەتی کورد گەیشتوونەتە ڕێککەوتن، هەروەها جەمال ئەتاسی وەزیری ڕاگەیاندن گوتویەتی: "پاش سەرکەوتنی شۆڕش چووینە بەغداد، لە عەلی ساڵح ئەلسەعدیمان پرسی ئایا هیچ دەربارەی مەسەلەی کورد هەیە؟ گوتی بەڵێنە ئۆتۆنۆمییان بدەینێ، بەڵام ئێستا نا، شتی تریان دەدەینێ، ئەگەر ڕازی نەبوون تا چوار هەفتە لەناویان دەبەین ". (هانی الفکیکی، 1997: 285)

سەرکردایەتی بەعس لە پێناو مسۆگەرکردنی پاڵپشتی هێزە جەماوەرییەکەی (پدك) و سڕکردنی هەڵچوونە چەکدارییەکەی، هەوڵی ڕێککەوتنیدا، هەمان کات بارزانی لە 11 و 12ی شوباتی 1963 بروسکەی ژمارە (112) و (118)ی بە مەبەستی ڕاگەیاندنی ئاگربەست ڕاگەیاند، (قفطان، 2002،

219) سەرکردایەتی بەعس داوای لە (پدك) کرد ناوی (6) پاڵێوراو بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی نوێدا پێبدەن، بەڵام لەگەڵ راگەیاندنی کابینەی حکومەت، تەنها (2) وەزیری کوردی بەژداری پێکرا، (المجید، 1980: 136) ئەوانیش: (فوئاد عارف - وەزیری ئەوقاف، (بابە عەلی شێخ مەحمود - وەزیری کشتوکاڵ) بوون. (منور، 2008: 120-123) هەروەها لەنێو لیژنەی (دارشتنی بەرنامەیەی قۆناغداری حوکم) سەرنجێکی دەربارەی مافەکانی کورد تێدا نەبوو. ( هانی الفکیکی، 1997: 288).

ئەم هەنگاوانە دەیسەلماند، پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی بەعس و (پدك) رێبازێکی دامەزراوو بەڵگەنامەیەکی نوسراو نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای لۆژیکی (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) هەوڵیاندا ئەو بارە نوێیە بقۆزێتەوە، تەنانەت (پدك)یان بە نوێنەری کوردو بارزانیشیان بە سەرکردەی ناوچەی خۆبەڕێوەبەری قبوڵ نەبوو، (عارف، ٢٠١١: 195-196) ئەمانە لە کاتێکدا، کە عەلی ساڵح ئەلسەعدی و حازم جەواد لە بنەچەدا کورد بوون، بەڵام هەوڵەکانیان تەنها لە پێناو هێورکرنەوەی بارودۆخی سیاسی عێراق و سووریا بوو، تاکو بوار بە کورد نەدەن جولانەوەیەکی چەکداریی بسازێنن، (الموصلی، 2002: 137- 138.) هەر بۆیە سەرکردایەتی بەعس لە رۆژنامەی (الجماهیر) لە 13ی شوباتی 1963 زنجیرەیەك وتاری بۆ نیشاندانی نیازی حکومەت لەبەرانبەر مافە نەتەوەییەکانی کورد بڵاوکردەوەو نووسیویەتی: (گەلی عەرەب درکی بەوە کردووە، پێویستە کوردەکان گوزارشت لە هەستی نەتەوەیی خۆیان بکەن، ئەگەرچی وڵات لەبەردەم پیلانگێڕیی سەختی ئیمپریالیزمدایە)، (حول الأهداف الأساسية، 1963: 1) هەروەها رۆژنامەکە لە 15ی شوباتی 1963 وتارێکی تاڵب شەبیبی دەربارەی کورد بڵاودەکەتەوە، کە گوتبووی: "شۆڕش ئامانجی عەرەب و کوردی پێکەوە پێکا)، هەروەها حازم جەوادیش لە هەمان رۆژنامەدا گوتویەتی: (کێشەی برا کوردەکانمان لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراقدایە، هەردوو نەتەوەی برا خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشن و کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر دەبێت". (نەجار، 2022: 76)

لەم تێڕوانینەدا، سەرکردایەتی بەعس و (پدك) بە گومانێکی زۆرەوە دەچوونە ناو قۆناغی دانوستانێکی پارێزبەندو پێشوەختەی قبوڵنەکراو، (پدك) لە 15ی شوباتی 1963 لە بەیاننامەیەکدا داوای جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی کرد (هێرش، 2003، 146-147) لە بەرانبەردا حازم جواد لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە 15ی شوباتی 1963 دووپاتی کردەوە، کە پەرۆشن بۆ چارەسەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کێشەی برا کوردەکان، لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی عێراقدا، (مام خول، 2022: 60) بەڵام پێچەوانەی پێشبینییەکان، لە 16ی شوباتی 1963 بە بڵاوکردنەوەی کارنامەی حکومەت، هیچ جۆرە ددانپێدانانێکی بە نەتەوەیی کورد تێدا نەبوو، بەڵام مەکتەبی سیاسی (پدك) و بارزانی هیوایان بەوە بوو دەرفەت بدەنە حکومەت تا پەیوەندییەکان رێرەوی بێ کۆسپ بگرنەبەر، (السمر، 2012، 111، 264-265) سەرئەنجام لە 18- 20ی شوباتی 1963 شاندێکی (پدك) کە پێکهاتبوون لە: (جەلال تاڵەبانی، ساڵح یوسفی و لوقمان بارزانی) لەگەڵ هەریەك لە (عەبدولسەلام عارف، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، تاهیر یەحیا، حازم جەواد، ساڵح مەهدی عەماش و حەردان تکریتی) کۆبوونەوە، لەوێدا پرۆژەیەکیان بۆ دانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد پێشکەش کرد، بەڵام پرۆژەکە بە پاساوی داڵدەدانی کۆمۆنیستەکانیان لە کوردستاندا پەسەند نەکرا، هەروەها بەرپرسانی بەعس دووپاتیان دەکردەوە کە باشترە داخوازییەکان بۆ پاش یەکگرتنیان لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبی دوابخەن، (محێدین، 2006: 130-131) عەلی ساڵح ئەلسەعدی لەگەڵ ئەوە نەبوو گرفتەکانی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی چارە بکات، پێی وابوو پێویستە هەندێك لە داواکارییە فەرهەنگییەکانی کورد جێبەجێ بکەن، بەڵام گەر کورد بە سەرسەختی مایەوە پێویستە هێز لە دژیان بەکاربێنن، (جواد: 1990: 89-90)

لەگەڵ ئەوەشدا، جەلال تاڵەبانی و فوئاد عارف لەگەڵ شاندی حکومەتی عێراق چوونە قاهیرەو لە لایەن جەمال عەبدولناسر پێشوازیان لێکرا، (فەیاز، 2009: 188-192) لەم بارەیەوە تاڵەبانی گوتویەتی: " پێم گوت ئومێدمان بە تۆیە ببیت بە سەلاحەددینی ئەم سەردەمە، سەلماندنی مافەکانی کورد برایەتییەکە بەهێز دەکات، پێشێلکردن جیابوونەوە بەهێز دەکات ئەوکاتە عەرەب وەك داگیرکەر دێتە پێش چاو، داوای کرد بە پشوو درێژییەوە بکەونە وتوێژ، بە مەرجی پاراستنی یەکێتی عێراق و لە پەیوەندی شای ئێران خۆبپارێزن "، (محمود، 2021: 84) هەرچەندە ناسر، کوشتنی قاسم و کۆمۆنیستەکانی بە سیاسەتێکی خراپ ناوبرد، بەڵام ئەلسەعدی دووپاتی کردەوە ناتوانن مافەکانی کورد دەستەبەر بکەن بە تایبەت کە پەنای کۆمۆنیستەکانیان داوە. (مام جەلال: 2017، 229 – 230)

حیزبی بەعس بە بێ بوونی بەرنامەیەکی ئەرێنی بۆ کارکردن دەسەڵاتی گرتبووە دەست، بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کوردیش ئامادەنەبوو، ئەو حکومەتەی دروستیان کردبوو، بۆ دوو بەرە دابەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ببوو، ئەو بەرەیەی زۆرینەیان سەربازبوون دژ بە دانوستان بوون، ئەو بەرەیەش کە باڵی مەدەنی بوون پەی بە لاوازییە سیاسییەکانی شەڕکردن لەگەڵ کورددا بردبوو، (ئەلعامری، 2021: 179) لەبەرانبەر ئەم هەڵوێستەدا، (پدک) لە 28ی شوباتی 1963 رایگەیاند، ئەگەر ددان بە ئۆتۆنۆمیدا نەنرێت شەڕ دەست پێدەکاتەوە، بەڵام حکومەت لە 1ی ئاداری 1963 لە بەیاننامەیەکدا مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردیان دووپات کردەوە، (بيان المجلس الوطني لقيادة الثورة، 1963: 1) لەسەر ئەم بنەمایانە، لە 5ی ئاداری 1963 هەریەك لە: (تاهیر یەحیا، بابە عەلی شێخ مەحمود، فەتاح شاڵی و عەلی حەیدەر سلێمان) بۆ دیتنی بارزانی و پێشکەشکردنی پرۆژەی (نا ناوەندی) گەیشتنە ناوچەی (کانی ماران)، بەڵام داواکاری (پدك) جەختی دەکردەوە لە دەستنیشانکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك و موسڵ، (وثائق حزبية من تأريخ حزب البعث، 1986: 4) بەڵام سەرکردایەتی بەعس ئۆتۆنۆمییان بە هەنگاوی داخوازی (کۆسپ دروستکەر/ مطالب تعجيزية) لێکدایەوە، ئەمە لە کاتێکدا (پدك) کۆتایی ئاداری وەك دوا وادە بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانییان دەستنیشانکرد بوو. (دانیشفەر، 2003: 201-202)

حیزبی بەعس بە پاساوەی پیلانگێڕییەکانی دوژمنان، داوای دەکرد هەموو لە دەوری شۆڕش کۆببنەوە، بەم هۆیەوە دەبوو گەلی کورد چاوەڕوان بکات تاکو کاتێکی گونجاو بۆ بەدیهێنانی مافەکانی دەسازا، لەم پێناوەدا لیژنەیەکی وزاری لە 7ی ئاداری 1963و بۆ گۆڕینی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ یاسای (نا ناوەندیی) پێکهێنا، (الكرعاوي، 2009: 255-256) لەسەر ئەو بنەمایە، پرۆژەی (کارگێڕی نا ناوەندیی)یان بۆ دیاریکردنی مافەکانی کورد لەنێو دەستووری کاتیدا راگەیاند، بەڵام (پدك) پرۆژەکەی رەدکردەوە چونکە پێیان وابوو حیزبی بەعس مەبەستیان لە پرۆژەی (کارگێڕی ناناوەندیی)، (ناناوەندیی کارگێڕی)یە، (عطره، 2021: 497) هەر بۆیە (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی نیشتمانی شۆڕش) لە 15ی ئاداری 1963 رایگەیاند: (بە رەچاوکردنی کاریگەری کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە بونیادنانی یەکێتی نیشتمانیی و وەستانەوە بەرووی ململانێ مەزهەبیی، تایەفەگەریی و نەتەوەییەکانەوە، شۆڕش بە ئەرکی خۆی دەزانێت کار بۆ فراوانکردنی خواستی ناسیۆنالیستی کورد بەشداری نەتەوەیان کورد بکات). (وزارة الارشاد، 1963: 13) لەسەر ئەم بنەمایە، جەلال تاڵەبانی لە

30ی ئاداری 1963 لەگەڵ فائیق سامەرائی کۆبووەوە، بەڵام داخوازییەکانی (پدك) بە هۆیەك بۆ جیابوونەوە لێکدرایەوە، (وثائق حزبية من تأريخ حزب البعث، 1986: 6)

پاش ئەوەی حیزبی بەعس لە 17ی نیسانی 1963 داوایکرد عێراق وەك هەرێمێك لەچوارچێوەی (کۆماری یەکگرتوودا) بناسرێت، (پدك) داوای کرد کوردستان وەك بەشی چوارەمی کۆمارە فیدراڵەکە بناسێنرێت، بەڵام حیزبی بەعس ئامادەنەبوو شکڵی ئەو فیدراڵییەی کورد لەنێو عێراقدا بسەلمێنێت، تاڵب شەبیب بە ئاشکرا گوتوویەتی: (پرۆژەیەی ئۆتۆنۆمی کورد ناچێتە ئەقڵەوە)، (نکدیمون، 1998: 97) لەبری ئەوە، (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) لە حوزەیرانی 1963 بی ڕێککەوتنێکی سیاسی، پرۆژەی (نا ناوەندی کارگێڕیی) ڕاگەیاند، تەنانەت شاندنی دانوستانکاری کوردیان دەستگیرکردو لە 5ی حوزەیرانی 1963 شاری سلێمانی گەمارۆدرا و لە 10ی حوزەیرانی 1963 (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) ڕایگەیاند، توندوتیژی و تێکدانی چارەسەری ئاشتییانە لە ڕێگەی گرووپە کۆمۆنیستییەکان ئاسۆی چارەسەریان نەهێشت، (الحمدانی، 2021: 248) هەروەها حیزبی بەعس ڕاگەیەندراوێکی (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش)ی لە 10ی حوزەیرانی 1963 بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو: " ۆڕشی 14ی ڕەمەزان، ئامانجی ئەوەیە ستەم لەسەر خەڵکی هەڵبگرێت، بۆیە دەمو دەست داوای دانوستانی لە کورد کرد، هەرچەندە بارزانی نوێنەری هەموو کورد ناکات، چونکە ئەو لە پشتیوانی قاسم و لایەنگری کۆمۆنیستەکانی کرد، ئەمە جگە لە هاوسۆزییان بۆ ئیمپریالیزم، بەڵام حکومەت هێشتا گوێی گرت لەو داوایانەی بارزانی، بەڵام ئەو کۆمەڵە بەکرێگیراوەی ئیمپریالیزم، ئامانجی هەڕەشەکردنە لە یەکێتی عێراق و چەندین تاوانیان ئەنجامداوە وەك داڵدەدانی کۆمۆنیستەکان ". (قرار المجلس الوطني لقيادة الثورة، 1963: 1-3)

سەرکردایەتی بەعس بۆ ڕەوایەتیدان بە هێرشکردنە سەر کوردستان، لە 11ی حوزەیرانی 1963 ڕۆژنامەی (ئەلجەماهیر) گوتارێکی بە ناونیشانی(ئیرادەی ملیۆنەها عەرەب بەسەر تاقمی جوداخوازی وێرانکەردا سەردەکەوێت) بڵاوکردەوە، (ستنتصر ارادة الملايين من العرب و الأكراد، 1963: 1،7) تێدا هاتبوو: (پیلانی جوداخوازی و کۆنەپەرستانەی بارزانی و هاوکارەکانی لە کۆنە فیوداڵ و کۆمۆنیستەکان، کە دەستیان بە خوێنی خەڵك سوورە دەبێت لە ناوبرێن). (الخزاعی، 2021: 251)

لە چوارچێوەی ئەو ئامادەسازییەدا عەبدولسەلام عارف لە سەردانێکیدا بۆ کەرکووك لە 13ی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حوزەیرانی 1963 رایگەیاند: (سوپای قارەمانی خالیدی کوڕی وەلید و سەلاحەدینی ئەیوبی تێدەکۆشن بۆ لەناوبردنی کوردە یاخیبووەکان)، (كلمة مهيب الركن عبد السلام عارف حول المواجهة بين الثوار والمرتزقة، 1963: 3،1) پاشان لە 15 حوزەیرانی 1963 ئەلساعدی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: (ئێمە یەك ئینجیان دەدەینێ و ئەوان داوای یاردەی تەواو دەکەن). (نەبەز، ب.س: 151)

بە هەڵگیرساندنەوەی شەڕو نیشاندانی رادەی دەمارگیریی، سەرکردایەتی بەعس سەرکێشی بە ئایندەی خۆیەوە کرد، سەرباری کێشە ناوخۆییەکان، ناسەقامگیری سیاسی و ململانێی لەگەڵ کۆمۆنیست و ئەفسەرە نەتەوەییەکان کە دواتر سەریکێشا بۆ دژایەتیکردنی ناسرییەکان، بەتایبەت کە جەمال عەبدولناسر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ژیانی حیزبایەتی لە پێناو بەدیهێنانی یەکێتی نەتەوەیی عەرەب راگەیاندبوو، لەمبارەیەوە محەمەد حسێن هەیکەل گوتەبێژی جەمال عەبدولناسر لە 28ی حوزەیرانی 1963 وتارێکیدا هاتبوو: (میسر ئامادەیە جڵەوی جەنگی دژ بە کورد بکات ئەگەر بەعسییەکان بە یەکێتی عەرەب و سەرۆکایەتی ناسر رازیبن)، (خطاب محمد حسين هيكل، 1963) بەڵام بەرپرسانی بەعس بۆچوونی هەر کەس و لایەنێکیان بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆ لەقەڵەمدا، (ويبذل الجنود الأبطال جهدهم لمواجهة المتمردين شمال البلاد، 1963: 1)

سەرکردایەتی بەعس بۆ فریودانی رای گشتی، دووپاتیان دەکردەوە کە ئەو شەڕە جیهادێکە لە پێناو بەجێهێنانی فەرمانی خودا دژ بە کۆمۆنیست و بێ باوەڕەکان، تەنانەت هەفتەنامەی (الكشكول) لە 17ی تەمموزی 1963 گوتوویەتی: " لە پێناو شەرعی ئیسلام و دووخستنەوەی مەترسی شیوعییەت کە بارزانی پێشەوایەتی دەکات، پێویستە بێ جیاوازی پشتی یەك بگرین بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی شەرعی خودا و ئاین ". (مجموعة أعداد مختلفة من جريدة الكشكول الأسبوعية، 1988: 79-80) ئەم هەنگاوانە پشتیوانی ئەوتۆ نەکرا، تەنانەت جەمال عەبدولناسر لە 22ی تەمموزی 1963دا رایگەیاند: " دۆستایەتی لەگەڵ بەعسی فاشیدا ناکرێت "، (خطاب الرئيس جمال عبد الناصر الذي هاجم فيه حزب البعث فی تموز 1963، 2022) هەروەها رۆژنامەی (البعث) لە وتارێکیدا بەناونیشانی (پرۆپاگەندەی سەر کورد)، گازندەی لە وەزارەتی راگەیاندنی میسر کرد، کە رێگەیداوە رۆژنامەکانیان وتاری (دەربارەی کورد)ی رۆژنامەی براڤدای سۆڤیەتی بڵاوبکەنەوە. (الدعاية ضد

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الأكراد، 1963: 1) هەروەها رۆژنامەی (الكشكول) لە 23ی ئابی 1963 بابەتێکی بەناوی (عروبة الأكراد – عەرەببوونی کوردەکان) بڵاوکردەوە، دەیویست بسلەمێنێت، کورد لە بنەچەدا ئاری نەژاد نین و لەو هۆزە عەرەبانەیە کە چوونەتە باکووری عێراق، هەروەها سەرکردایەتی بەعس پشتگیری لە پەسەندنامەی (پێنجەمین کۆنگرەی نەتەوەیی) کرد، کە جەختی لەوە کردەوە گەلە کۆمەکێی کورد و چەك هەڵگرتنی ئەو گرووپە بابەتێکی بەڵگە نەویستە، بەو هۆیەوە چەند راسپاردەیەکی بڵاوکردەوە، ئەوانیش: (پاڵپشتیکردنی حکومەت بۆ لەناوبردنی جوڵانەوەی یاخیبووانی کورد، پاراستنی سەرچاوەکانی نەوت و کارەبا، وەستاندی ئەو خێڵانەی دژ بە حکوومەت چەکیان هەڵگرتووە)، (حمیدی و آخرون، ج6، 230) لەگەڵ ئەوەشدا شەڕی کوردستان و بەردەوام بوونی ناکۆکییەکان بواری ئەنجامدانی کۆدەتایەکی چاوەڕواننەکراوی لە شێوازێکی سەربازی دژە دەستەگەریی رەخساند، سەرەنجام لە 18ی تشرینی یەکەمی 1963 لە دەسەڵات لێخران.

**دووەم: ململانێکانی حیزبی شیوعی عێراق لەگەڵ حکومەت و کاریگەریی لەسەر دۆزی کورد**

پاش کۆدەتاکەی حیزبی بەعس، (حشع) لە رووی رێکخراوەییەوە توانا سیاسیی و جەماوەریی لەق بوو، لە کوردستانیشدا، پاڵپشتییەکانی (پدك)ی بە هەڵوێستێکی نارەوا لێکدایەوەو هۆشداریدا لە مامەڵەی شۆڤێنیانەی بەعس، (العانی، 2014: 361-362) هەروەها رەخنەی لە یەکەم بەیاننامەی (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) گرت، کە دەستکەوتێکی تایبەتی بۆ نەتەوەی کورد تێدا نییە. (الطالبانی، 2009: 234) پاڵپشت بە راگەیەندراوێکی کۆمیتەی ناوەندی کە تێیدا هاتبوو: " بەزەییتان بە پیلانگێڕە ناپاك و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمدا نەیەتەوە، دەستبگرن بەسەر بنکەی پۆلیسخانەکان بۆ پەیداکردنی چەك "، (الجاف، 1998: 139) بەم هۆیەوە لیژنە خۆجێی لە شاری هەولێر لە ماڵی (تۆفیق ئەحمەد – هەژار) پاڵێوراوی لیژنەی ناوەندی کۆبوونەوە، هەوڵیاندا دەستبگرن بەسەر بنکەی پۆلیسی سەیداوا، هەروەها لە ناوچەکانی عەنکاوە و شەقڵاوە پێکدادانی ئەندامانی (حشع) و پۆلیس روویدا، بەو هۆیەوە دەیان کەس لە هێرشکردنە سەر بنکەکانی پۆلیس دەستگیر کران، (یلدا سوور، 2016: 42-47) لیژنەی خۆجێی (حشع) لە سلێمانی خۆپێشاندانێکی جەماوەریان لە بەردەرکی سەرا ئەنجامدا، بەڵام لەلایەن (پدك) بە دروشمی (سەلکە شویت و جاترە - گوی سەگ لە

شیوعی چاکترە) بەرهەڵستیکران، (ئەختەر ئەحمەد شەشۆیی، 2023) کاتێکیش (حشع) سکرتێرو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەدەستدا، ناوکی رێکخستن و دەزگای راگەیاندنی (حشع) هێنرانە کوردستان، لیژنەی لقی کوردی لە لیوای لە کەرکووك وەك رێکخراوێکی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی کاریدەکرد، لیژنەکە بڕیاریداوە لە پاڵ (پدك)دا چەك هەڵبگرن، بەڵام رووبەڕووی هەڵوێستی جیاوازی (پدك) بوونەوە، بەشێکیان لەسەر بنەمای هاوڕێیانە میواندۆستی کران، (ئەحمەد دەوڵەت، 2023) بەڵام سکرتێرو بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (پدك) بە هاوکاری کۆمۆنیستەکان قایل نەبوون، چونکە لەگەڵ حیزبی بەعس لە وتوێژدا بوون، کاتێك ئیبراهیم ئەحمەد بروسکەیەکی بۆ چەککردنی کۆمۆنیستەکان ئاڕاستەی بارەگاکانی پێشمەرگەی (پدك) کرد، (هێرش، 2003: 152-153) لە ناوچەکانی ماوەت، چەمی رەزان و  ناوچەی شوان بەندکران، (پێنجوێنی، 2021: 118) تەنانەت مزگەوتی گەورەی سەروچاوە لە قەرەداغ کرایە زیندانی کۆمۆنیستەکان، (قەرەداغی، 2023) لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە دژایەتیکردنی کۆمۆنیستەکان قایل نەبوون، وەك جەلال تاڵەبانی گوتویەتی: " لەو کاتانەی حیزبی شیوعی بە لێقەوماو دادەنرا، پێویستبوو بیانگرینەخۆ، لەو بۆچوونەدا من جیاواز بووم "، ( مام جەلال، 2017، 237) تەنانەت کەریم ئەحمەد بە هاوکاری جەلال تاڵەبانی لە ناوچەی قەڵادزێ چاوی بە بارزانی کەوتووە، بەو هۆیەوە بارزانی بروسکەیەکی بۆ پاراستنی گیانی کۆمۆنیستەکان بڵاوکردەوە و دوو فەرماندەی پێشمەرگە بە ناوەکانی (سەعید مەسیفی) لە کۆیە و (عەریف سەمەد) لە دێگەڵە بۆ هاوکاری کردنیان راسپێردران، (دڵزار، 1994: 39-40، ابو حکمت، 2011: 74) هەرچەندە ئەو پشتیوانییەی بارزانی بۆ (حشع) ئومێد بەخش بوو، بەڵام لە سلێمانی و کەرکووك گرنگی پێ نەدرا، (بانیخێڵانیی: 2014: 216) هەر بۆیە مەکتەبی سیاسی (پدك) گەمارۆی ئابووریان خستەسەر گوندی کەلکەسماق، (کاروانەی لقی دە، 2003: 23-24) هەروەها ئەو 25 چەکدارەی لە 21ی ئاداری 1963 لە ناوچەکانی زمناکۆ و شاخی مارۆچن 11 کەسیان لێ دەکوژن. (قەرەداغی، 2022:  32)

هەڵوێستی نەرێنی مەکتەبی سیاسی دەگەڕایەوە بۆ ناکۆکییەکانیان لەگەڵ بارزانی، ( Lortz 2013, 45-47.) هەروەها مەکتەبی سیاسی ترسیان لەوە بوو بەهۆی کۆمۆنیستەکانەوە وتوێژیان لەگەڵ حیزبی بەعس شکست بێنێت، هەروەها هەڵوێستە پێشینەییەکانی (حشع)، بەتایبەت کە

پشتوانیی چەکدارییان لە شۆڕشی ئەیلوول نەکرد، تەنانەت سەلام عادل بەر لە کوشتنی لە نامەیەکدا نووسیبووی: " کوردە نەتەوەییەکان کوێرانە بۆ رووخاندنی قاسم دەستی عەرەبە شوڤێنی و راسترەوەکانیان گرت ". (السامرائی، 2012: 121)

پێچەوانەی بیروبۆچوونی مەکتەبی سیاسی، لەم کاتەدا پەیوەندی بارزانی لەگەڵ ئەفسەرانی عەرەب و کۆمۆنیست، بزوتنەوەکەی لە جولانەوەیەکی خێڵەکیی و کۆنەپەرستانە دەردێناو و پشتیوانی وڵاتانی سۆسیالیستی پێ دەبەخشی، (نوری، 1991: 15) (حشع)یش پاش شکستهێنانیان لە لاوازترین هەڵوێستەوە چوونە پاڵ سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەی کە پێشتر خۆیان بە یاخیبوونی کۆنەپەرستان و جوداخوازان ناویان دەبرد، (لجنة التحضیریة، 1997: 33) لەم رێگەیەوە لقی کوردستانی (حشع) توانی چەند بنکەیەکی چەکداریی لە گوندەکانی (دەرگەڵە، ئاوەگرد، بەرسین) لە هەولێر، (کەرەك) لە رەواندزو باڵاکایەتی بکەنەوە، هەروەها گوندی کلکە سماق پتر لە 600 ئەندامی (حشع)یان گرتەخۆیان، (دەرگەڵەیی، ب.س: 325-327)

کۆمیتەی ناوەندی (حشع) بۆ پێداچوونەوە بە هەڵوێستیان لە بارەی دۆزی کورد، لە نرخاندنێکدا هەڵوێستی رابردوویان بە (راسترەوان، رەدووکەوتووانەو نابەرپرسانە) لە قەڵەمدا، تەنانەت پرۆژەکەی سەلام عادلیان بە لادەر لە رێبازی کۆمۆنیزم و پێچەوانەی پەیرەوی شۆڕشی کورد ناساند، (موقفنا من المسألة القومیة الكردیة، 1973: 51-93) هەروەها لە 11ی ئاداری 1963 جەمال حەیدەری یەکەم بەیاننامەی بە واژووی مەکتەبی سیاسی دژ بە حیزبی بەعس بڵاو کردەوە، (مساهمة فی تقییم حزبنا، ب.س: 2-12) سەرکردایەتی (حشع) پێیوابوو حیزبی بەعس لەنێو فەرهەنگی نەتەوەپەرستیيانەیدا جێ و رێیەکیان بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد نییە، وەك ئەو بەیاننامەیەی لە 13ی ئاداری 1963 بڵاویکردەوە تێیدا ناکۆکییەکانی حکومەت و دۆزی کوردی گەڕاندەوە بۆ هەوڵەکانی ئیمپریالیزم پێی وابوو لە (6) مانگی رابردووەوە حکومەت هیچ بەدەنگەوە هاتنێکی بۆ داواکارییەکانی کورد نییە، دووپاتی کردەوە تاکو رۆژئاوا کارئاسانی بکات بۆ بەکرێگیراوەکانی، (بیان الحزب الشیوعی العراقی، 1963) هەر بۆیە سەرباری ئەو بارگرانییە، هێشتا (حشع) رێنووی حیزبی بەعسی دەکرد، کە پێویستە رێوشوێنی یەکلاکەرەوە لەبەرانبەر ئیمپریالیزم بگرێتەبەر.

(حشع) لە پای بەرگریکرتن لە قاسم بووە قوربانی دەستی بەعس، بەڵام لە بەراوردی نێوان هەردوو رژێمدا لە نیسانی 1963 بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو تێیدا هاتبوو: " بەعسییەکان بەهۆی گومانیان لە داخوازییە رەواکانی گەلی کورد، توندوتیژترن لە سەرکێشی و راسترەوییەکانی قاسم، ئاشکرایە بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە کات تەنها بە زارەکی ددان دەنێن بە مافەکانی کورددا "، (حول أحداث العراق، 1963) هەروەها لە 9ی مایسی 1963 لە بەیاننامەیەکدا بەناونیشانی (لە پێناو دروشمی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) رایگەیاند، کۆدەتاچی پەنایان بردووە بۆ سیاسەتی کات کوشتن، لە سەرەتادا وایان نیشاندا کە هاوسۆزی مافەکانی کوردن، بەڵام کارو کردەوە دوور لە بەها مرۆییەکانیان دەرخەری ئەوەن نابێت سەرکردایەتی کورد سیاسەتی ئەم تاقمە قبوڵ بکات. (بیان الحزب الشيوعي العراقي، 1963).

(ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) لە 9ی حوزەیرانی 1963 بەیاننامەی ژمارە (14) لەلایەن (ئەنجومەنی دادوەری سەربازی ناوچەی باکوور) بڵاوبووەوە، کە تایبەت بوو بە راگەیاندنی (ئۆپراسیۆنی دیجله) لە کوردستان، (عقلان، 2017: 25) سەرکردایەتی بەعس ئەو پاساوەی دێنایەوە، کە ئامانجی پاکتاوکردنی نەیارە کۆمۆنیستەکانە، ئەویش بەهۆی هەوڵی چاوچنۆکانەیان بۆ لاوازکردنی شکۆی حکومەت، پێشی وابوو پەیوەندی بارزانی و کۆمۆنیستەکان درێژەی ئەو زنجیرە هاوکارییەی نێوانیانە، کە لە موسڵ و کەرکووك روویاندا، (حمیدی، ج6 237-239) هەر بۆیە راگەیاندنی شەڕ بووە هۆی پتەوبوونی پەیوەندییەکانی نێوان (پدك) و (حشع)، کاتێکیش مەکتەبی سیاسی لە 11ی حوزەیرانی 1963 لە بەیاننامەیەك بە ناونیشانی (تاقمی بەعسی حوکمڕان شەڕێکی نەشیاوی دژ بە گەلی کورد بەرپاکرد)، هێرشی کردە سەر بەعسییەکان، راستەوخۆ جەمال حەیدەری لە بەیاننامەیەکدا دووپاتی کردەوە: " ئەم شەڕە نەگریسەی ئاڕاستەی گەلی ئازادیبەخشی کورد کراوە بەتەنها دژ بە کورد نییە، هیوامان وایە گەلی عەرەب لە خەباتکردن بۆ مافەکانی کورد هاوپشت بێت، چونکە هەڵگیرسانی شەڕ لەم کاتەدا سەری خاوەنی دەخوات، بۆیە شەڕی ئەمڕۆ لە کوردستان شەڕی گەل و ململانێی نێوان دیموکراتیی و فاشیزمە "، (بیان لجنة المركزيه لحزب الشيوعي العراقي، 1963، 1) لەم سۆنگەیەوە (حشع)، ناوەڕۆکی جوڵانەوە چەکدارییەکەی کوردی بە شۆڕشی گەلی عێراق لە پێناو بەدیهێنانی سەربەستییە دیموکراتییەکان لەقەڵەمدا. (البوتاني، 2004: 343-344)

لە کاتێکدا وڵاتانی رۆژئاوا پاڵپشتی عێرقیان دەکرد، تەنانەت باڵیۆزخانەی بەریتانیا داوای لە سووریا کرد، ئاسمانی وڵاتەکەیان بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکان دژی کورد بەکاربێنن، (الزبيدي، 2009: 127) لەم قۆناغەدا دامرکاندنەوەی جوڵانەوەی کورد و لافی سەرکردایەتییەکەی بۆ سازدانی کۆدەنگییەکی پشتیوانیکراو لەلایەن رۆژئاواوە، سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیزمی خستبووە بەرەی دژە بەعسیزم، (الشيخلى، 2002: 25) هەروەها مامەڵەی بەعس لە بەرانبەر کۆمۆنیستەکان و ویستی زاڵبوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەسەر کۆمۆنیزم، دەنگی سۆڤیەتی دژ بە عێراق گەیاندە ترۆپکی نارەزایەتی، یەك لە لێکەوتەکانی ئەم ناکۆکییە ددانانی سۆڤیەت بوو بە جوڵانەوەی چەکداریی کورد، (إيسابيف، 2018، 7) هەروەها ئێستگە نهێنییەکانی پەیکی ئێران لە ئەلبانیای رۆژهەڵات، دەنگی گەلی عێراق لە پراگ، رادیۆی مۆسکۆ و یەریڤان، هەڵمەت پشتیوانی شۆڕشی کوردیان دەستپێکرد، رۆژنامەی (پراڤدا)ش لە 12ی حوزەیرانی 1963 رایگەیاند: " گەلی کورد داخوازییەکی رەواو دادپەروەرانەن و پاڵپشتی گەلی سۆڤیەت بۆ پشتیوانی گەلی کورد رادەگەیەنیین، وەك چۆن رۆژنامە و رادیۆکان لە روماڵکردنی کۆمەڵکوژی کورد لەلایەن حکومەتەوە درێغیان نەکردووە ". (هاول، 2006: 381-382)

یەکێتی سۆڤیەت لە 7ی تەمموزی 1963 بە هاوکاری وەزیری دەرەوەی مەنگۆلیا پەیامێکی ئاراستەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، تاکو دۆزی کورد بخرێتە بەرنامەی کاری رێکخراوەکە، (لازاريف و أخرون، 2006: 290) بەڵام حکومەتی عێراق لە 10ی تەمموزی 1963 لە پەیامێکدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، هەنگاوەکانی سۆڤیەتی بە پێشێلکاریی و دەستوەردان تاوانبارکرد، (على، 2008، 538) پاشان رۆژنامەی (البعث) بۆ راکێشانی سۆزی وڵاتانی عەرەب، نووسیویەتی: " میللەتی عەرەب پێیان وایە ئەم یاخیگەرانە هەوڵدەدەن ئیسرائیلێکی دووەم لە خاکی عەرەب دابمەزرێنن "، (نەبەز، 2001: 153) بەهۆی ئەم فشارانە، سۆڤیەت هەرەشەکانی وەستاند، نەوەکو وڵاتانی عەرەبی پەیوەندییەکانیان لەگەڵیدا بپسێنن.

سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی بۆ یەکلاکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، دۆزی کوردیان کردبووە قەڵغانی بەرگریی، ئاشکرا بوو لە سەردەمی قاسمدا روویەکی ئەوتۆیان نیشانی کورد نەدا، (العيدروس، 1998: 264) ئەو نیوە پشتیوانییەش کاریگەری نەرێنی لەسەر جەمسەرێکی تری کەمپەی سۆسیالیزم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێهێشت، چونکە بە سروشتی ناکۆکی ئایدۆلۆژیی نێوان چین و سۆڤیەت، ماوتسی تۆنگ شۆرشی کوردی بە (کۆنەپەرستی نەتەوەییانەی کوردەکان) ناوبرد، (نەبەز، 2001: 154) لە کاتێکدا لە بۆچوونە تیۆرییەکانی ماودا (ململانێی لەگەڵ ئیمپریالیزمدا لە چوارچێوەی بەرخۆدان و شۆڕشی نەتەوەیی چارەسەر دەبوو)، (مقتطفات من أقوال الرئيس ماوتسی تونك، 1966: 32-35، 68-69)

بە فراوانبوونی هێرشی سوپای عێراق لە (ئاب تا تشرینی یەکەمی 1963)، لقی کوردی (حشع) لە ئابی 1963 لە بروسکەیەکدا پاڵپشتی کۆمۆنیستەکانی لەسەنگەری بەرگری شۆڕشی کورددا دووپات کردەوە، (رسالة تهنئة من اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي، 1963) ئەم هەڵوێستانە کاریگەری کردە سەر پەیوەندییەکانی (حشع) و (پدك)، (لە بیرەوەری شۆڕشی گەلی کورددا، 1972: 4)کە بۆ یەکەم جار مەکتەبی سەربازی (حشع) لە شەڕی (چیای حەسەن بەگ) بەشداریکرد، ( ژاژۆکی، 2012: 11) (پدك)یش لە پاری ئەو سەرکەوتنە ستایشی کۆمۆنیستەکانی کرد، (رسالة تهنئة من القائد كافي، 1963) حکومەتی عێراق لە 9ی تشرینی یەکەمی 1963 هاوپەیمانییەکی سەربازی لەگەڵ حکومەتی بەعس لە سووریا ئەنجامدا، بەم هۆیەوە هێزی (یرموك)ی سوپای سووریا هاوشانی سوپای عێراق پەلاماری بارەگاکانی پێشمەرگەیاندا، (سنجاری، 2013: 110) هەرچەندە سەرکردایەتی بەعس واینیشاندا لە شەڕی کوردستاندا سەرکەوتوون، بەڵام ئەم هەنگاوە دەرفەتێکی نوێی بۆ کارابوونی پیلانگێڕییەکانی عەبدولسەلام عارف دژ بە سەرکردایەتی بەعس تاکو قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتدارێتی بەعسییەکان بە شکستێکی چاوەڕواننەکراو کۆتایی بهێنێت.

## دەرەنجام:

1-حیزبی شیوعی عێراق، لە رووی فیکریی و فەلسەفییەوە پشت ئەستوورە بە بنەما تیۆرییەکانی مارکسیزم و مانفێستی کۆمۆنیزم، کە بە ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانی نا چینایەتیی، پەیرەوی لە ئەندێشەی سۆسیالیزمی کردووە، لە بەرانبەردا حیزبی بەعس و ئایدۆلۆژیاکەی، زادەی بنەما کولتووری، سیاسیی و فەرهەنگیی نەتەوەی عەرەبە، (حشع) وەک حیزبێکی مارکسی، لە باوەڕی سۆسیالیزمیەوە بە ئومێدی وەرچەرخانی عێراق بە قازانجی سۆسیالیزم، نیمچە سەرمایەداریی و

قۆرغکاریی مەزنە کۆمپانیا مۆنۆپۆلییەکانەوە رەتکردۆتەوە، بەڵام بەعسیزم ئایدۆلۆژیای سۆسیال–ناسیۆنالیزمیان بەتێکەڵکردن لەگەڵ رۆحی نەتەوەی عەرەب سۆسیالیزمی قبوڵ بوو.

2-لە دیدی مارکسیدا، مەسەلەی نەتەوەیی لە روانگەی دیالێکتیکی ماتریالیزمی مێژووییەوە مانایەکی کۆمەڵایەتی و رەهەندێکی چینایەتی هەبوو، بەتایبەت بنەمای ئابووری رۆڵی بنچینەی هەیە لە دروستبوونی نەتەوەدا، لەم رووەوە (حشع) مافی چارەی خۆنووسینی لە چوارچێوەی کارنامە تیۆرییەکەیدا باس کردووەو پشتیوانی لە دۆزی کورد کردووە، بە پێچەوانەوە، حیزبی بەعس گرنگییەکی ئەوتۆی بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکان نەداوەو تەواوی پێکهاتە نەتەوەییەکانی بەو کەمینانە ناوبردووە، کە بەشێکی دانەبڕاوی نیشتمانی عەرەبن.

3-حیزبی بەعس، وەك نوێنەری بزاڤی ناسیۆنالیستی عەرەب، کاتێکیش دەرفەتی رووخاندنی قاسم هاتە پێش، ئەو هەلەیان قۆستەوە، بە هاوکاری شەمەندەفەری ئەنگلۆ - ئەمریکایی هاتنە سەر دەسەڵات، بۆ سەلماندنی توانای خۆیان، گیانی رق و تۆڵەیان بەرانبەر کۆمۆنیستەکان بزوا، (حشع)یش وەك هێزێکی چەپئاژۆو بە ئەزموون، کە زادەی ئایدۆلۆژیایەکی پێشکەوتوخوازو وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی ئەو قۆناغەی مارکسییەکانی عێراق بوو، بەڵام زێدەڕەوی و خۆ هەڵقورتاندن لە بەشی زۆری رووداوەکان، حیزبەکەی زیاتر لە هەر هێزێکی تر رووبەرووی پاشەکشە کردەوە.

4-حیزبی بەعس پاش جڵەوکردنی دەسەڵات، بە بیروباوەڕێکی دەمارگیریی توندەوە، خوازیار بوو بە هەمان ماکی سەربازی و خەسڵەتی توندوتیژەوە مامەڵە لەگەڵ دۆزی کورد و جموجوڵی کۆمۆنیستەکان بکات، کەم ئەزموونی و گومان و ڕاڕایی لە هەڵسوکەوتدا تا ئەو ئەندازەیە بوو، کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ (پدك)، لەسەر باوەڕی هاوبەش و رەهەندێکی نیشتمانی و دامەزراو نەبوو، بەڵکو تەنها زامنکردنی دەنگ و رەنگی کورد بوو لە بەرانبەر جموجوڵی بەعس دژ بە قاسم.

**سەرچاوەکان:**

**بەڵگەنامەی حیزبی: بە زمانی کوردی:**

1- حیزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد، چ ١، لە بەڵگەنامەکانی حیزبی شیوعی، ١٩٨١.

2- راپۆرتی یەکەمین کۆنگرەی رێکخراوی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق، ئایاری 1969، لە بڵاوکراوەکانی حیزبی شیوعی عێراق، 1988.

**بە زمانی عەرەبی:**

1- الحزب الديمقاطى الكردستانى ( لجنة التحضيرية)، تقيم مسيرة الثورة الكردية و انهيارها و الدروس و العبر المستخلصة منها، ط2، 1997.

2- دستور الحزب البعث العربى ألاشتراكى، اللجنة الاعلامية الوطنية لدعم العراق – هولندا، حزب البعث العربى ألاشتراكى – القيادة القومية، ب.س.

3- رسالة تهنئة من اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي بشأن أنباء جبهة الحرب الكردستانية، أخبار كردستان، نشرة أخبارية مؤقته، منتصف تشرين الأول 1963.

4- مساهمة فى تقييم حزبنا بين 1958و انقلاب 1963، الحزب الشيوعى العراقى، ب.س.

5- موقفنا من المسألة القومية الكردية (مجموعة وثائق برنامجية)، من وثائق الحزب الشيوعى العراقى، مطبعة الشعب، بغداد، 1973.

6- نضال البعث: القيادة القومية (1963-1966) من ثورة رمضان وآذار إلى 23 شباط 1966، ج10، ط2، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، 1976.

7- وثائق حزبية من تأريخ البعث، تطور مفهوم الاشتراكية فى منضور حزبنا، من أوراق المؤتمر القومى ١٢ لحزب البعث العربى الاشتراكى ١٩٩٢، منشورات الطليعة، بغداد، ١٩٩٦.

8- دار الوثائق، وثائق مجلس الوزراء، الوثئق العربية 1963، حزب البعث، بتأريخ 1963/3/13.

**ماستەر و دۆکتۆرا:**

1- أحمد، أحمد جرجيس (2000)، السياسة الداخلية في العراق 1963-1968 و دور حزب البعث العربي االشتراكي، رسالة ماجستير (غير منشورة)، معهد القائد المؤسس للدراسات، الجامعة بغداد.

2- الشيخلى، محمد جميل ابراهيم (2002)، العلاقات العراقية – الروسية فى عقدة التسعينات، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، معهد القائد المؤسس الدراسات القومية، قسم الدراسات الدولية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- المخمداوي، غصون مزهر حسين (2006)، التطورات الاقتصادية و الاجتماعية فى العراق (1958-1968)، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية التربية، جامعة بغداد.

**کتێب بە زمانی کوردی:**

1- (هێور)، حەسەن دانیشفەڕ، (2003)، بارزانی لە ویژدانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ب1، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

2- بانیخێڵانی، ئەحمەد، (2014)، یادەوەرییەکانم، چ2، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

3- تاڵەبانی، جەلال، (2021)، کام ئایندە و کام دیموکراسی، و.خالید مەجید فەرەج، چ1، چەپخانەی جەنگەڵ، تاران.

4- الحمدانی، حامد، (2021)، چەند لاپەڕەیەك دەربارەی مێژووی نوێی عێراق لە شۆڕشی چواردەی تەممووزەوە بۆ جەنگی دووەمی کەنداو، و. شەماڵ ئەحمەد، چ1، چاپخانەی چوارچرا.

5- خصباك، د.شاکر، (2005)، کورد و مەسەلەی کورد، و.ئەمجەد شاکەلی، چ2، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

6- دڵزار، ئەحمەد (1994)، بیرەوەری رۆژانی ژیانم، ب3، ب.ش.چ، ستۆکۆڵهم.

7- دەرگەڵەیی، سلێمان میرزا، (ب.س)، بیرەوەرییەکانم لە ساڵانی 19423-1977، سلێمانی.

8- سەرکانی، خەلیل، (2009)، ئەنفال لە یادەوەری پێشمەرگەیەکدا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

9- عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان، (2017) حیزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

10- فەیاز، محەمەد، (2009)، بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، و.سۆران عەلی، چ1، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووك.

11- قەرەداغی، حەمە رەشید، (2022)، بیرەوەرییەکانم، ب1، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

12- مام خول، رەفیق رەحمان، (2022)، رۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلول، تێزی دکتۆرا (بڵاوکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

13- محێدین، د.واحید عومەر، (2006)، دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق (1921-1968)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی.

14- محەمەد ئەمین پێنجوێنی: چۆن بووم بە پرد؟ چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2021.

15- مینە، ئەمین قادر مینە، (2012)، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

16- مەلا مستەفا، فاروق، (2017)، بیرەوەرییەکانم، ب1، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ، لوبنان.
17- نەبەز، جەمال (2001)، هەندێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم، چ2، رۆژنامەی میدیا، هەولێر.
18- نەبەز، جەمال، (ب.س)، کوردستان و شۆڕشەکەی، کۆبەرهەم، زنجیرە (1)، ب.ش.
19- نەجارِ، د.هۆشەنگ سالّح، (2022)، شۆڕشی ئەیلوول لە رۆژنامە و بڵاوکراو عێراقییەکان 1961-1975، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، هەولێر.
20- هێرش، شازین، (2003)، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویدا (1958-1963)، ب1، سلێمانی.
21- ئاغجەلەری، د.پشکۆ حەمە تاهیر، (2015)، شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی 1957-1977، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی.
22- ئەسەسەرد، فەرید، (2018)، ئەزموونی ئۆتۆنۆمی کورد لە عێراقدا، خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە، چ1، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
23- ئەلعامری، عبدالخالق ناسر، (2021)، بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق 1931-1975، و.ئەرکان شارباژێڕی، زانکۆیا دهۆك و ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان.

**بە زمانی عەرەبی:**

1- اسكندر، سعد بشير (2004)، الكرد الفيليون و حزب البعث ١٩٦٣ – ٢٠٠٣، من منشورات مكت الفكر و التوعية الاتحاد الوطني الكردستاني، سليمانيه.
2- اشيريان، ش.ج (1978)، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان العراق، ط1، بيروت.
3- أكرم الحوراني يحاور نفسه (1987)، منشورات الطليعة، تونس.
4- ابو حكمت، يوسف حنا يوسف (2011)، مذكرات يوسف حنا يوسف (ابو حيكمت)، ط2، وزارة الثقافة و الشباب المديرية العامة للصحافة و الطباعة و النشر مديرية النشر أربيل، أربيل.
5- أورحم، جعفر عباس (1999)، السياسة عبدالكريم قاسم اتجاه الحركة المعارضة (1958-1963)، ج2، دار الحرية للطباعة، بغداد.
6- إيساييف، د.ليونيد (2018)، القضية الكردية في سياسات روسيا، ت، د.كريم المجاري، مركز الجزيرة للابحاث، ب.م.
7- باروت، محمد جمال (ب.س)، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ج١، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية، دمشق.

8- البوتانى، عبدالفتاح على (2004)، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضيه الكردية (1946-1970)، مطبعة خانى، دهوك.
9- البوتانى، عبدالفتاح على (2012)، ملا مصطفى البارزانى قائد الثورة الكردية و ملهما، مركز الأبحاث العلمية و الدراسات الكوردية، دهوك.
10- بوليتزر، (ب.س)، أصول الفلسفة الماركسية، ت. شعبان بر كات، المكتبة العصرية، بيروت.
11- الجاف، وريا (1998)، كركوك، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل.
12- جحا، شفيق: (2004): الحركة العربية السرية ١٩٣٥ – ١٩٤٥، ط١، مطبعة بيروت.
13- حمادى، د.سعدون (1987)، الوحدة العربية و التجزيئة و الحرب، منشورات الطليعة، تونس.
14- حميدى، جعفر عباس، (2022)، تأريخ الوزارات العراقية، ج6، بيت الحكمة، بغداد.
15- الخالند، عباس محمد (1998)، تنظيمات حزب البعث العربي الاشتراكي في الجيش بين 1959-1963، ط3، دار الفرات، بغداد.
16- خيون، على (1990)، ثورة 8 شباط 1963 فى العراق الصراعات و التحولات، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
17- الخزاعى، د.مناف (2016)، الصراع البعثى – الشيوعى فى العراق 1947-1968، كلة الأداب، قسم التأريخ، جامعة ذى قار.
18- راضى، محسن الشيخ (2021)، كنت بعثيا (مذكرات محسن الشيخ راضى)، ج 1 (من الذروة النضال الى دنو القطيعة)، ط1، دار الكتب العلمية للطباعة و النشر و التوزيع، بغداد.
19- الرزاز، د.منيف (1989)، الوحدة العربية هل لها من سبيل؟ منشورات الطليعة، بغداد.
20- رەشيد، سەلاح (2017)، مام جەلال ديدارى تەمەن، چ1، چاپخانەى كارۆ، سلێمانى.
21- سعيد، د.على كريم (1999)، عراق 8 شباط 1963 من حوار المفاهيم الى حوار الدم، ط1، دار الكنوز الأدبية.
22- سلوغلت، ماريون و بتر (2003)، من الثورة الى الديكتاتورية العراق منذ 1958، ت.مالك النبراس، منشورات الجمل، ب.م.
23- السمر، عمار على (2012)، شمال العراق (1958-1975)، ط1، المركز العربى للأبحاث، بيروت.
24- سنجارى، على (2013)، حقيقه مسيرة ثورة 11 أيلول 1961، ط1، مطبعة خانى، دهوك.
25- صاغية، حازم (2003)، بعث العراق سلطة صدام قياماً وحطاماً، دار الساقي، لندن.
26- صعود، على جبار (1978)، يوم بكى فيه الجميع، ط1، دار الفكر للطباعة، قاهرة.

27- طوالبة، حسن محمد (1981)، البعث و عهد البطولة الجديد، المؤسسة العربية، بيروت.
28- عارف، فؤاد (2011)، مذكرات فؤاد عارف، ط ٢، دار اراس للطباعة و النشر، أربيل.
29- عفلق، ميشيل (1973)، البعث و الاشتراكية، الدار العربية للدراسات و النشر، بيروت.
30- عقراوي، شكيب (2007)، سنوات المحنة في كردستان أهم الحوادث السياسية و العسكرية في كردستان العراق 1958-1980، ط2، ب.ن، أربيل.
31- عقلان، خالد (2017)، الجذور التأريخية للقضيه الكردية، عهد المصرى للدراسات السياسية و الاستراتيجية، (ملفات الأقليمية)، اسطنبول، تركيا.
32- فرح، د.الياس (1981)، تطور الفكر الماركسى عرض و نقد، ط٦، دار الطليعة، بيروت.
33- فرحان، سليمان (1991)، يوميان بغداد الرية، ط١، الزهراء للاعلام العربية القاهره.
34- الفكيكى، هانى (1997)، أوكار الهزيمة،ط2، الرياض الرئيس للكتب و النشر، بيروت.
35- قفطان، كاوس (2002)، الأنتفاضات البارزانية صفحات من الحركة القومية التحررية فى النصف الاول من القرن العشرين، مطبعة سركوتن، السليمانية.
36- القيسي، سيف عدنان (2014)، الحزب الشيوعي العراقي في عهد البكر 1968-1979، دار الحكمة.
37- كالتاخشتان (1988)، نظرية الامة فى الماركسية اللينينية، ج٢، دار التقدم، موسكو.
38- كرمانج، شيركو (2015)، الهوية و ألامة فى العراق، دار الساقى، بيروت.
39- ماندل، ارنست (1974)، مدخل الى الاشتراكية العلمية، ط١، اليسار الثورى.
40- محمد، شيرزاد زكريا (2006)، الحركة القومية الكردية فى العراق 8 شباط 1963 – 17 تموز 1968، دار سپيرز للطباعة و النشر، دهوك.
41- محمود، نجم (1991)، المقايضة برلين – بغداد، منشورات الغد.
42- مقتطفات من أقوال الرئيس ماوتسى تونك (الكتاب الاحمر الصغير) (1966)، ت. شادى الشماوى، ط1، دار النشر بالغات الاجنبية، بكين.
43- الموصلى، د.مونذر (2002)، فى سبيل حل سلمى ديمقراطى للقضيه الكردية، دار الطليعة، تونس.
44- نورى، بهاالدين (1991)، فى تقييم سياسة الحزب الشيوعى العراقى فى سنى 1958-1991، (مأزق الحركة الشيوعية فى العراق)، ط4، العراق.
45- هاول، يلسون ناثانيل (2006)، الكورد والاتحاد السوفيتي، ت.ضياء الدين المرعب، ط1، ب.م.

**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**

1- ژاژوکی، سەفەر یوسف میرخان، (2012)، داستانی تیشی کۆڕێ لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا، خەبات (ڕۆژنامە)، ژ (4089).

2- سەعید، هیوا عەزیز، (2007)، سۆسیال ناسیۆنالیزمی بەعس، زانکۆی سلێمانی (گۆڤار)، بەشی B، ژ (٢٠).

3- قادر، مەهدی محەمەد (2012)، هەولێر لە ماوەی یەکەم حوکڕانی بەعسدا (8ی شوباتی 1963 – 18ی تشرینی دووەمی 1963)، ئەکادیمیای کوردی (گۆڤار)، ژ (22).

4- کاروانەی لقی دە، چەند لاپەڕەیەك لە چیرۆکی بەڵگەیی قارەمانێتی پێشمەرگە شیوعییەکان لە شۆڕشی کورددا، و.سۆران محەمەد، ب.2، هەندرێن (گۆڤار)، ژ. (11)، کانوونی دووەمی 2003.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

1- Michael G. Lortz : The Kurdish Warrior Tradition and the Importance of the Peshmerga, (Chapter 1 Introduction), 2013.

2- Socialism in Europe and the Russian Revolutionm, The Age of Social Change, In the previous chapter you read about the powerful ideas of freedom, chapter 2, India and Comtemporary, 2022

**بە زمانی عەرەبی:**

1- جواد، حازم (أيلول 1963)، الحرس القومي جيش عقائدي تتطلبو مصلحة جماهير الشعب لحماية مكتسباتها الثورية، الحرس القومى (مجلة)، العدد (3).

2- الدعاية ضد الأكراد، البعث (جريدة)، العدد (104)، حزيران 1963.

3- عامر عبدالله: طبيعة المرحلة الراهنةو مهماتها الاساسية السلطة السياسية الطبقات الاجتماعية فتره الانتقال الى الاشتراكية، الثقافة الجديدة (مجلة)، العدد (٤)، تموز ١٩٦٩.

4- عطره، أ.م.د وائم شاكر غنى (2021)، سياسة الحكومة العراقية اتجاه المشكلة الكردية فى ظل الوثائق البريطانية، لارك (مجلة) للفلسفة و السانيات و العلوم الاجتماعية، العدد (41)، المجلد (2).

5- كلمة مهب الركن عبد السلام عارف، الشعب (جريدة)، العدد (49)، 13 حزيران 1963.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گفتوگۆو چاوپێکەوتنەکان:**

1- گفتوگۆ لەگەڵ (ئەختەر ئەحمەد شەشۆیی)، (واتسئاپ). سوید، 2023/4/29.
2- چاوپێکەوتن لەگەڵ (موکەرەم تاڵەبانی)، سلێمانی، 3/18/ 2021.
3- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەلال دەباغ)، سلێمانی، 10/26/ 2022
4- گفتوگۆ لەگەڵ (ئەحمەد دەوڵەت)، لە رێگەی (واتسئاپ)، سوید، 2023/4/22.

---

# The struggle between Ba'athist social nationalism and the communist discourse of the Iraqi Communist Party and its reflection on the Kurdish cause

**From (February 8, 1963 – November 18, 1963)**

**Asst. Lect. Zhilwan Latif Yar Ahmad**
Department of Accounting, Technical College of Management, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
Email: zhilwan.yarahmed@spu.edu.iq

**Prof. Dr. Sozan Karim Mustafa**
Department of History, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
Email: suzan.mustafa@unicvsul.edu.iq

***Keywords***: *The Iraqi Communist Party, the Ba'ath Party, social nationalism, the right to self-determination, the Kurdish cause*

## Abstract

The Iraqi Communist Party, as a communist organization and representative of the Iraqi left and Marxists, opposed the Ba'athist Arab Socialist Party, which considered itself the agent of Arab nationalist thought, with a leftist discourse and propagandist of socialist thought. Both parties have become the most prominent political

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

organizations that have had the greatest influence in the Iraqi political process for half a century, including the Kurdish national cause.

This study attempts to present one of the most important of the different ideological discourses, which have had a direct impact on the organizational life and political maneuvers of both parties and a direct reflection on the Kurdish cause.